Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C24

# رۆڵی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان

**چراخان أحمد حمه[1]، يادگار علي محمد[2]**

١- بەشی ئەندازیاری شارستانی، کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

رۆڵ، فەیسبووك، پاراستن، کەلەپووری بیناکرد، ئیدارەی گەرمیان

**Corresponding Author**

Chrakhan.ahmed@garmian.edu.krd
Yadgarali@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دەکۆڵێتەوە. بۆ ئەومەبەستەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستیی کار لەسەر دەرخستنی ژانرە ڕۆژنامەنووسییە بەکارهاتووەکان بۆ ڕووماڵی بابەتەکانی پەیوەست بەکەلەپووریی ڕۆشنبیریی جێگیر و گەیشتن بە جۆری وێنەی بەکارهاتووی ڕۆژنامەنووسیی و خاوەنداریەتییەکەی و زمانی بەکارهاتوو بۆ ڕووماڵی بڵاوکراوەکان دەکات. هەروەها هەوڵ دەدات لە ئاستی گرنگیدان بە کەلەپووره بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بکۆڵێتەوە و ڕێگە و شێوازەکانی پاراستنیشیان ئاشکرا بکات.

توێژینەوەکە لە ڕووی جۆرەوە وەسفییە و ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکی بۆ سەرجەم بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە ماوەی نێوان (31ی ئازار– 30ی ئەیلوولی 2023) بەکارهێناوە. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا؛ هەریەك لە ئامرازەکانی سەردانی مەیدانی بۆ بەشێك لە ناوچە شوێنەوارییە بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان بەکارهاتووە و تێبینی پێویست تۆمارکراوە، لە هەر جێگەیەکیش پێویست بووبێت ئامرازی چاوپێکەوتن لەگەڵ شوێنەوارناسان و بەرپرسانی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

لە دیارترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: (کورتە هەواڵ) دیارترین ژانری ڕۆژنامەنووسیی بەکارهاتووە لە ڕووماڵی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە پارێزگاریی لە (کەلەپووری بیناکرد- التراث العمراني) لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و بڵاوکراوەکان زیاتر لە ڕێگەی (ناونیشانی سەرەکی و وێنە) خراونەتەڕوو زۆرینەی وێنە بەکارهاتووەکانیش لەگەڵ بابەتەتی توێژینەوەکە بریتییە لە (وێنەی هێمایی). بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردیی (شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست)، بۆ ڕووماڵی بابەتەکانی پەیوەست بە پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد لە سنوری گەرمیان بەکارهێنراوە و زۆرینەی شوێنەوارەکان لە چوارچێوەی (کەلەپووری ڕۆشنبیریی جێگیر- التراث الثقافي الثابت) و لەوەش کەلەپووری بیناکرد پێش (کەلەپووری شوێنەواریی- التراث الأثري) کەوتووە. بۆئەوەش بوارەکانی کەلەپووری بیناکرد زیاتر لە (شار و باڵەخانەی کەلەپووریی) و پاشان (مۆزەخانە و کتێبخانە) بەرجەستە بووە.

لە گرنگترین ڕێگەکان بۆ گرنگیدان بە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد (ژمارەپێدان)، (تۆمارکردن) و (یاداشتکردن) بووە. هەروەها لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور بە چەند ئەرکێك لە بەرامبەر پاراستنی کەلەپووری بیناکرد لە ناوچەی گەرمیان هەستاوە، دیارترینیان: (بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و وتار لەگەڵ بۆچوونی پسپۆران لەبارەی ئەو کەلەپووره بیناکردانەی لە گەرمیان هەن)، (پاڵپشتی ئەو بابەت و بڵاوکراوانەی پەیوەندیدارن بە کەلەپووری بیناکرد) و (پیشاندانی مەترسییەکانی لەناوچوون و دارمانی کەلەپووری بیناکرد).

**پێشەکی:** نەتەوە دێرینەکان شانازیی بە ڕابردووی خۆیان دەکەن. بۆئەوەش ئاماژە بۆ مێژوو و هونەری بنیاتنانی کەلەپوورە بیناکردەکانیان دەدەن. هەرشتێك بەو ڕابردووەوە بیانبەستێت، بە بەشێك لە خۆیانی دادەنێن و بەڕێگە و ئامرازی جۆربەجۆر پارێزگاری لێدەکەن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو ئامرازانەیە، کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد دابنرێت.

لە سنوری ئیدارەی گەرمیان کۆمەڵێك کەلەپووری بیناکرد هەن، مێژووی هەریەکەیان بۆ دەیانساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و هەریەکەیان بۆ مەبەستێك و لە ناوچەیەکی دیاریکراو دروستکراون و بە بەشێك لە ناسنامەی ناوچەکە دادەنرێن.

بەشێك لە کەلەپوورە بیناکردەکانی گەرمیان، بە ناوچەیەکی گەشتیاریی و هەندێکی تریشیان بە ناوچەیەکی شوێنەواری بوون و هاووڵاتیان و گەشتیاران لە ناوچە جیاجیاکان سەردانیان دەکەن و بەشێکیشیان؛ بەهۆکاری جۆربەجۆر دووچاری زیان تارادەی لەناوچوون هاتوون.

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لەو ئامرازە نوێیانەیە، دەتوانێت بە ڕێگە جیاجیا کار لەسەر کەلەپوورە بیناکردەکان بکات لە ناساندنیان، تاوەکوو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵك بەرامبەر پاراستنیان و فشار دروستکردن لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ گرنگیدان بەو بوارە و پێویستی پارێزگاریکردن لێیان و ڕزگارکردنیان لە لەناوچوون.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بواری شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان لە پارێزگاریی لە کەلەپوورە بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان.

## تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**کێشەی توێژینەوە:** بریتییە لە: دەرخستنی ڕۆڵی لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

**ئامانجی توێژینەوە:** دیارترین ئامانجەکان ئەمانەن:

1- زانینی گرنگترین ژانرە ڕۆژنامەنووسییە بەکارهاتووەکان لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان.
2- گەیشتن بە جۆر و خاوەندارێتی وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کەلەپوورە بیناکردەکان.
3- دەستنیشانکردنی زمان و شێوەزاری بەکارهاتوو لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە کەلەپوورە بیناکردەکان.
4- ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی ماددی بابەتە کەلەپوورییە بڵاوکراوەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك.
5- زانینی ناسنامەی دیارترین جۆرەکانی کەلەپووری بیناکرد لە سنوری ئیدارەی گەرمیان.
6- گەیشتن بە شێوازەکان و ڕێگە بەکارهاتووەکان بۆ پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان.


**جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:** لە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان دادەنرێت. بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەڕێگەی شیکاری ناوەڕۆك بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە بواری کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەستراوە. هەروەها میتۆدی مێژوویی بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆریی پەیوەست بەناوچە کەلەپوورییە بیناکردەکانی گەرمیان بەکارهێنراوە. لەگەڵ ئەوەش ئامرازی چاوپێکەوتن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان و پسپۆڕانی پەیوەندیدار بەکارهاتووە و سەردانی مەیدانییش بۆ ناوچەی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە و تێبینی و سەرنجی پێویست تۆمارکراوە.

**سنوری توێژینەوە:** لە سێ سنوری سەرەکی کورتدەبێتەوە:

- **سنوری بابەت:** لە ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان بەرجەستە دەبێت.
- **سنوری کات:** بریتییە لە (30ی ئازار– 30ی ئەیلوولی 2023).
- **سنوری شوێن:** ناوچە کەلەپوورییە بیناکردەکان لە سنوری کارگێڕیی ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە.


گەرمیان دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و لە باکوورەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوسنورە، هەروەها لە باشوورەوە بە پارێزگای دیالە و لە ڕۆژئاواشەوە بە پارێزگاکانی کەرکووك و سەلاحەدین دەورەدراوە. بڕوانە نەخشەی (1).

نەخشەی (1): شوێنی ئیدارەی گەرمیان بەپێی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات. **(کاری توێژەران: پشتبەست بە هاشم یاسین و ئەوانی تر: 2009، 39؛ إدارة كرميان،2018)**





لە ڕووی کارگێڕییشەوە لە: قەزای کەلار، قەزای کفری و ناحیەکانی: قۆرەتوو و مەیدان لە سنوری قەزای خانەقین پێکهاتووە. **(ماڵپەڕی ئیدارەی گەرمیان: تشرینی یەکەم، 2023)**. لە نەخشەی (2)، یەکە کارگێڕییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان ڕوونکراوەتەوە. **(کاری توێژەران: پشتبەست بە هاشم یاسین و ئەوانی تر: 2009، 39؛ إدارە کرمیان،2018)**

نەخشەی (2): یەکە کارگێڕییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان




بەپێی ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان ئامادەکراوە، ئاماژە بە (32) ناوچەی شوێنەواریی جۆراوجۆر لە سنوری ئیدارەی گەرمیان کراوە و پێکهاتوون لە: (خانووی کەلەپوریی، کۆشك، گەرماو، سەرا، قەیسەری، ئاسیاو، جۆگە، پرد، قەڵا، قوله) **(بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان: 2014، 16).** لە نەخشەی (3)، ناوچە کەلەپووریيە بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان دیاریکراوە. **(کاری توێژەران: پشتبەست بە هاشم یاسن و ئەوانی تر: 2009، 39؛ إدارة كرميان،2018).**

نەخشەی (3): کەلەپووره بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان




**کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە**: هەموو جۆرەکانی کەلەپوور لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بە کۆمەڵ و سەرجەم کەلەپووره مادییە جێگیرە بیناکردەکانیش لەو ناوچەیە بە مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون. بڕوانە خشتەی (1،2،3).

**1- بابەتە بڵاوکراوەکان بۆ شیکارکردن.**

سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان لەماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکە، بریتییە لە (71) بابەتی جۆراوجۆر لەو نێوەندەشدا بەشێکیان تایبەتن بە سنوری ئیدارەی گەرمیان. بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (1): بابەتە بڵاوکراوەکان لەماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکە بڵاوکراونەتەوە.

| ناوی لاپەڕە | ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکان | پێگەی لاپەڕە لە تۆری ئینتەرنێت |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان | 71 | https://www.facebook.com/profile.php?id=100063559676774 |

**2- ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکان بەپێی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.**

بابەتە بڵاوکراوەکان بە سەر زۆربەی ناوچە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستان دابەشبوون بەتایبەت ئەو ناوچانەی، کە کەلەپووری بیناکردیان تێدایە، وەك دەبینین (64) بابەتیان تایبەت بووە بە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی: (ڕاپەڕین، سۆران و زاخۆ)، هەروەها (7) بابەتیشیان پەیوەست بووە بە سنوری شوێنی ئەم توێژینەوەیە، کە بریتییە لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان. بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2): دابەشبوونی بابەتە بڵاوکراوەکان بە پێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پیشان دەدات.

| بابەتە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕەی مشتەی توێژینەوەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆکان. | دووبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی: (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی: (ڕاپەڕین، سۆران و زاخۆ) | 64 | 90.1 | یەکەم |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 7 | 9.9 | دووەم |
| کۆیگشتی | 71 | 100 | |

**3- ناونیشانی ئەو هەواڵە بڵاوکراوانەی تایبەتن بە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان**

لەپێناو بەڵگەدارکردنی کارەکەیان، توێژەران ناونیشانی هەموو ئەو بڵاوکراوانەیان خستووەتەڕوو، کە لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور بڵاوبوونەتەوە و پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەکەیان، لەگەڵ مێژووی بڵاوبوونەوەیان و بەستەری بڵاوکراوەکان. بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3): ناونیشان و مێژوو و بەستەری بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە پیشان دەدات.

| ناونیشانی هەواڵ | مێژووی بڵاوبوونەوە | بەستەری بابەت |
|---|---|---|
| 1- مۆڵەتی کاری ڕووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری بە زانکۆی گلاسکۆی بەریتانی درا. | 2023/4/30 | =https://m.facebook.com/story.php?story_fbid pfbid04QFCDyQrsojtPZLaC3UkGYAf6uVqnm5 |
| 2- وەرزێکی نوێی کنەوپشکنین لە شاخی کورە (بان ئاسیاو). | 2023/5/5 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid= pfbid02jLVQxHHLRyKpPwkYTX54NLe1kYt48h |
| 3- یەکەمین مۆڵەتی کردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپوری بەخشرا بەهاوڵاتییەك. | 2023/7/18 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid |
| 4- پرۆژەی پەرژینکردنی شوێنەواری (قەرە ئۆغلان). | 2023/7/27 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid02bc |
| 5- دراوێکی سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی. | 2023/9/16 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid02bHcm |
| 6- کەمەر بەندێکی کانزایی سەردەمی ئەشکانی. | 2023/9/19 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid02946ufYToSw |
| 7- وەرزێکی نوێی کارکردن لە شوێنەواری پەیکولی. | 2023/9/23 | https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid0RiPr |

**توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژەران چەند توێژینەوەیەکی نزیك لە بابەتی توێژینەوەکەیان وەرگرتووە و بە چەند شێوازێك سوودیان لێیان وەرگرتووە.

1- **توێژینەوەی (خولة وآمال:71،2022)**، بەناونیشانی: (ڕۆڵی میدیای نوێ لە پاراستنی کەلەپووری ڕۆشنبیریی دەستنووس– لاپەڕەی دەستنووسەکانی جەزائیر بە نموونە). توێژینەوەکە لە ڕۆڵی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپووری ڕۆشنبیریی دەستنووس کۆڵیوەتەوە و سنوری کاتی توێژینەوەکە لە ساڵی خوێندنی (2021-2022) پێکهاتووە و شیکار بۆ (45) بڵاوکراوەی لاپەڕەی (دەستنووسەکانی جەزائیر) کراوە و گەیشتووە بە چەند ئەنجامێکی زانستیی، لەوانە: تەکنەلۆژیای نوێی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن خزمەتگوزاریی گرنگی بۆ پاراستنی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی دەستەبەرکردووە و بواریشی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی دەربارەی پاراستنی دەستنووسەکان لەلای هاووڵاتیان ڕەخساندووە.

2- **توێژینەوەی (بوترعة، بن صغير: 2022، 14)**، بەناونیشانی: (ڕۆڵی میدیای ڕۆشنبیریی لە پاراستن و بەبەهاکردنی کەلەپووریی شوێنەواریی). ئەم توێژینەوەیە کاریکردووە لەسەر گرنگی دەرخستنی ڕۆڵی تەکنەلۆژیایی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لەبواری بەبەهاکردن و پارێزگاریی و یاداشتکردن و بەرزراگرتنی پێگەی کەلەپووریی شوێنەواریی. هەروەها میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی شیکاریی بەکارهێناوە و گەیشتووە بەوەی: میدیای ڕۆشنبیریی لە گرنگترین ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەیە، چالاکانە ڕۆڵ لە پاراستن و بەبەهاکردنی کەلەپووریی شوێنەواریی دەگێڕێت لە

ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەنێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە. هەروەها میدیای ڕۆشنبیریی کاردەکات لەسەر پاراستنی کەلەپوور و یاداشتکردنی لە ڕێگەی تۆمارکردن و وێنەگرتنی بەوەش لە دەستوەردانی مرۆڤکرد دەیپارێزێت.

3- **توێژینەوەی (بوصابة: 21، 2021)**، بەناونیشانی: (تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و ناوەندە نوێیەکان و بەهادارکردنی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی لە جەزائیر). ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لە پاراستن و بەبەهاکردنی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی. میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی شیکاریی لەگەڵ ئامرازی تێبینیکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە بەکارهاتووە و گەیشتووە بەچەند ئەنجامێك، لەوانە: ناوەندە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن زۆر گرنگن بۆ پارێزگاری لە کەلەپوور و گەیاندنی بە نەوەکانی داهاتوو و پاراستنیان لە لەناوچوون، هەروەها ڕۆڵیان هەیە لە گەیاندن و ناساندنی کەلەپوورەکان تەنانەت بە جیهانیش، چونکە ئەوان دەتوانن وێنە و ڤیدیۆ و ناوەڕۆکی ئامانجداری پەیوەست بە کەلەپوورەکان بڵاوبکەنەوە، وەکچۆن دەتوانن بەرنامە و پێشبڕکێی جۆربەجۆری زانیاریبەخشین لەبارەی شوێنەوارە کەلەپوورییەکان بەرهەمبهێنن.

4- **توێژینەوەی (بن قادي، داوالحاج: 2020، 102)**، بەناونیشانی: (ڕۆڵی میدیای ناوچەیی لە ناساندنی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی بیابانی– کەلەپووریی ئەهلیل بتیمیمون بە نموونە) لە ڕۆڵی میدیای بیستراو لە ناساندن و دیارخستنی کەلەپووریی شوێنەواری نامادی لە ناوچەیەکی جەزائیر دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەیەکی وەسفییە و ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکی بۆ شیکردنەوەی چەند بەرنامەیەکی ڕادیۆی بەنموونە وەرگرتووە و گەیشتووە بە چەند ئەنجامێك:

1- میدیای ناوچەیی ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی هەندێك میراتی دەمەکی نامادی تایبەت بە ناوچەی توێژینەوەکە.

2- ڕادیۆی ناوچەیی ڕۆڵی هەیە لە گواستنەوەی ڕووداو و واقیعی پەیوەست بە کەلەپووریی ڕۆشنبیریی نامادی.

3- ڕادیۆ ناوخۆییەکان ئامانجیان گرنگیدان و دیارخستنی کەلەپووریی دەمەکی ناوچەییە بەشێوەیەکی بەرفراوان.

5- **توێژینەوەی (هوەیفین:61، 2019)**، بەناونیشانی: (دیمەنە مێژووییە شارنشینییەکان لە سۆشیاڵمیدیا: ڕۆڵی ئینتەرنێت لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان). توێژینەوەکە تەفرەنجی خستووەتەسەر بانگەوازی ڕێکخراوی یونیسکۆ بۆ بەکارخستنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان. شیکاریی بۆ ناوەڕۆکی پەیامە بڵاوکراوەکانی سۆشیاڵمیدیا کردووە و (19) پرۆژەی ڕێکخراوی شوێنەواریی هۆڵەندی بە نموونە وەرگرتووە و گەیشتووە بەوەی: سۆشیاڵمیدیا بەشداریی هەیە لە پاراستنی دیمەنە مێژووییەکانی شارەکان لە ڕێگەی گێڕانەوە و خستنەڕووی چیرۆکی دروستکردن و نەخشەسازییان بەشێوەیەکی ئۆنلاین. هەروەها ئەو جۆرە گێڕانەوانەی، کە لە سۆشیاڵمیدیا بڵاودەکرێنەوە جۆرە جیاجیاکانی شوێنەوار بە وەرگر ئاشنا دەکەن و وەها دەکات خەڵك لە پاراستنی ئەو جۆرە شوێنەوارانە لە شارەکانیان ڕۆڵیان هەبێت، وەکچۆن وابەستەییان بە شارەکانیان و زانیاریی گشتیان لەبارەی لایەنی مێژوویی شوێنەوارەکان زیاد دەکات.

**ڕادە و شێوازی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرنجی توێژەران لەسەریان:** توێژەران لەچەند لایەکەوە سوودیان لە توێژینەوەکان وەرگرت، لەوانە: بۆ داڕشتنەوەی کێشەی توێژینەوەکەیان و دیاریکردنی ئامانجەکانیان، دیاریکردنی سنور و جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە و ئاشنابوون بەو سەرچاوە زانستیانەی لەو توێژینەوانە بەکارهاتوون. لەگەڵ ئەوەش سوودوەرگرتن لە فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکی ئەو توێژینەوانە بۆ توێژینەوەکەیان. هەروەها بەراوردکردنی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشوو پێی گەیشتوون. توێژەران سەرنجی ئەوەیاندا؛ هەموو توێژینەوەکان بە ڕێبازی وەسفی (شیکاریی– شیکاری ناوەڕۆك) ئەنجامدراون و هیچ یەکێکیان ئەنجامەکانی خۆیان بە توێژینەوەکانی پێشوو بەراورد نەکردووە.

## چەمکەکانی توێژینەوە:

1- ڕۆڵ: دەکرێت پێناسەی ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا وەها بکرێت، کە بریتی بێت لەو ئەرکانەی پێگەی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك ئەیبینێت لە پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکانی سنووری ئیدارەی گەرمیان.

2- فەیسبووك: بریتییە لە پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئێستادا یەکەم پێگەیە لە زۆری ژمارەی بەکارهێنەراندا لەسەرتاسەری جیهاندا، لەساڵی (2004) لەلایەن (مارك زوگەبێرگ) لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دامەزرا.

3- پاراستن: بریتییە لە هەر کارێك لەسەر بینایەکی کەلەپووریی بکرێت لەئەنجامدا ببێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی، بەمەرجێك هیچ زیانگەیاندنێك لە رووکار، مێژوو یان هەر ناسنامەیەکی تری بینا کەلەپوورییەکە تێکنەدات.

4- کەلەپووری بیناکرد: بریتییە لە هەر ناوچەیەکی شوێنەواریی، کە تەمەنی بیناکەی (100) ساڵ بێت و بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە (خانووی کەلەپووری، کۆشك، گەرماو، سەرا، قەیسەری، ئاسیاو، جۆگە، پرد، قەڵا و قوڵە)، کە خاوەن مێژوو، ڕووداو یان شارستانیەتییەکی تایبەتە بە گەلانێك، کە لە کاتێك، شوێنێك یان جێگەیەك ژیابن.

5- ئیدارەی گەرمیان: ئیدارەیەکی سەربەخۆی کارگێڕییە لە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە، لە باکوورەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی دەوڵەتی عێراق هاوسنوورە.

## تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

## (کەلەپووریی شوێنەواریی: تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکانی گەرمیان)

### أ- کەلەپوور و کەلەپووری بیناکرد.

- **سەرەتایەك لەبارەی کەلەپوور**

ناکرێت چەمکی کەلەپوور تەنها لە پێناسەیەکدا کورتبکەینەوە، بەوپاساوەی، کە کۆمەڵێك بینای کۆن دەگرێتەوە و لەنێوان نەوەکان ماونەتەوە، بەڵکوو مانایەکی لەوە گەورەتر هەڵدەگرێت. کەلەپوور کۆمەڵێك پێکهاتەی ماددی، بینای دروستکراوی مێژوویی، دیمەنی سرووشتی، کاری دەستی کلاسیکی..هتد، هەروەها پێکهاتەی نامادی، کە زیاتر لە کارامەیی، شێوەزاری ناوچەیی، مۆسیقا، داب و نەریت..هتد، دەگرێتەوە. شاهیدن لەسەر پێکەوەبەستن و ژیانکردنی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو لە جێگەیەکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراوی مێژوویدا (بوشيبی ودیبون: 2023، 245). کەلەپووریی شوێنەواریی لە

تۆمارێکی نەمر پێکهاتووە، کە مێژووی نەتەوە و گەلان دەپارێزێت. بەڵگەیەکی ئاشکراشە لەسەر پێشکەوتنی شارستانییەتەکان. نوێگەریی شارنشینی بۆ ئەم بۆماوەییە بەمانای پارێزگاریکردن لە شارە مێژووییە بۆماوەییەکان دەگەیەنێت بەوەی، کە بەهای بیناکرد و مێژوویی ڕەسەن لەخۆدەگرێت. ناوچە مێژووییەکانی هەر شارێك بە بەشێك لە سەروەتی نیشتیمانی ئەو وڵاتە دادەنرێن. بەتایبەت ئەگەر بتوانرێت لە ڕووی ئابووریی و گەشتیارییەوە سوودیان لێوەربگیرێت و وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت. هەر لێرەشەوە گرنگی نوێگەریی شارنشینی لە پارێزگاری لە بینا بۆماوەییەکان دەردەکەوێت. هەروەها گرنگی کارکردنیش لەسەر ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە و هەڕەشەن لەسەری بەتایبەت ئەو مەترسیانەی بەهۆی گەشەسەندنی بیناکرد لە دەوروبەری دروستدەبێت.

- **کەلەپووری شوێنەواریی**

بە پێکهاتەیەکی گرنگ لە پێکهاتەکانی شوێنەواری ڕۆشنبیریی دادەنرێت، هەروەها گرنگترین سەرچاوەی ماددیشە، کە گوزارشت لە چالاکیی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی خەڵکانێك دەکات، کە لە پێشوودا ژیاون و چالاکییەکانی خۆیان لەو سەردەمانەدا بە ئەنجام گەیاندووە. کەلەپووریی شوێنەواریی پێکدێت لە: (الهیاجي: 2013، 17-19).

- **بینا کەلەپوورییەکان:** ئەو بینایانە دەگرێتەوە، کە گرنگییەکی مێژوویی، شوێنەواریی، هونەریی، زانستیی، کۆمەڵایەتی و ئایینیان هەیە.
- **پێگە شوێنەوارییە کەلەپوورییەکان:** ئەو بینایانە دەگرێتەوە، کە پێکەوەبەستنێکیان بە ژینگەیەکی تایبەتەوە هەیە، جا ئیدی ژینگەکە سرووشتی بێت یاخوود دەستکاریی مرۆڤ.
- **ناوچەکانی کەلەپووریی شوێنەواریی:** شار و گوندەکان دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی، کە گرنگییەکی مێژوویی، زانستیی، شوێنەوارییان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە هەیە و ڕەگەزێکی بیناکردیان لەخۆگرتووە، هەروەها باخچە و گۆڕەپانی گشتیی، کۆڵان و..هتد.

- **گرنگی کەلەپوور و کەلەپووریی شوێنەواری بیناکرد**

کەلەپوور بە ناسنامەی گەلان دادەنرێت. مێژووی ماددی و ئاوێنەی ڕاستەقینەی هەر شارستانیەتییەکە و پەیوەندی مرۆڤ پێیەوە بە پەیوەندییەکی ئەندامی دەمێنێتەوە. کەلەپوور وابەستەیی هەیە بەبواری هۆشیاریی، شارستانییەتی، مێژوویی، ئایینی، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر تاك و کۆمەڵگەیەك و هەمووشیان پێکەوە. هەروەکچۆن بە پارچەیەکی دانەبڕاویش لە ناسنامەی نیشتیمانی دادەنرێت و لەدەستدانی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی بە لەدەستدانی پارچەیەك لە شوناسەکەی دادەنرێت، لەدەستچوونی هەر پێکهاتەیەکی کەلەپووریی، لەدەستدانی بەهایەکە؛ ناتوانرێت نرخی بۆ دابنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا؛ شوێنەواری ماددی، کە بابەتی توێژینەوەکەیە و خۆی دەبینێەوە لە بیناکان، شوێنەوارە مێژووییەکان، شوێنەوار و پارچەی گرانبەها ئەوەشی، کە لە هەڵکۆڵینەکان دەدۆزرێتەوە و ئەوانەشی لە مۆخانەکان هەڵدەگیرێن، هەموویان وێنای ساتێکی مێژوویی دەکەن لە ژیانی گەلاندا، ئەمەش وەهایکردووە پێویستبێت بپارێزرێن و بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ نەوەکانی داهاتوو پارێزگارییان لێبکرێت. لەبەرئەوەی بە پێکهاتەیەکی گرنگ دادەنرێت لەلایەن زانستیی شوێنەوار، ئەندازیاری تەلارسازیی، زانست و تەکنەلۆژیا. هەندێك لەمانە هاوبەستەن بە چەند پێکهاتەیەکی ڕۆشنبیریی و ئەوانیش خاوەن گرنگییەکی تایبەتن بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیی لەبەرئەوەی وێنای بنەمایەکی بنچینەیی دەکەن بۆ بیرکردنەوە بەدرێژایی مێژوو. (محمد:2021، 35).

بەتێگەیشتن لە ناسنامەی کەلەپووریی ئەو بینایانەی خاوەن کەلەپوورێکی شارستانی و تەلارسازین، تێدەگەین لەوەی دەتوانین چ میکانیزمێك بەکاربهێنین بۆ پارێزگاریی لێیان. گرنگی کەلەپوور لەو مانا، بەها، تێڕووانین و ڕەفتارانەشدا خۆی حەشارداوە، کە ژیانی ڕابردوومان پیشان دەدات. ناکرێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە نەزانینی پێناسەیەکی ڕوون بۆ چەمکی کەلەپوور لەگەڵ ئەوەش نەزانینی هۆکاری ڕاست و گونجاو بۆ پارێزگاریی لە بیناکان زیاتر هۆکارن بۆ لەناوچوونی بینا کەلەپوورییەکان. مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو چەندین بەخشینی هزری، هونەریی، تەلارسازیی، مێژوویی پێشکەش کردووە و تائێستاش ئەو بەخششانە لەسەر ئەو بینایانە ماونەتەوە. کەلەپوور بە یادگەیەکی نەمر بۆ تاك و کۆمەڵگە دادەنرێت و بە پێناسی هەر کۆمەڵگەیەکیش لەناو کۆمەڵگەکانی تر دەناسرێت. (طراد، العمري: 2012، 25).

- **پاراستن**


بەمانای پارێزگاری لە بینا کەلەپوورییەکان دێت، کە جەخت لە بنەمای گشتیی دەکات، لەوانە: چاکسازیی پارێزگاریی، زیانەگەیاندنی بەمەبەست بە بیناکان، لەنێویشیان ئەوانەن، کە پشت دەبەستن بە هەندێك شێوازی هونەریی و ئەندازەیی، کە کاری چاککردنەوە دەگرێتەوە و پێکدێت لە چەند برگەیەکی بنچینەیی، وەك: سپیکاریی، بۆیاخ، کارەبا، هەواسازیی. چاککردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ..هتد. ئەوکاتەی کاری چاکسازیی پەیوەست دەبێت بە بینایەك، کە مۆرکێکی کەلەپووریی هەبێت، بنەمای بنچینەیی لێرەدا تێکنەدانی دیمەنی دەرەوەی بینا بنچینەییەکە و ڕووکارە مێژووییەکەی دەبێت، کە پێویستە دەربخرێت و جەختبکرێتەوە لەسەری (الدلیل الإرشادي:2020، 19-20). پاراستن لە بواری تەکنیکی چەند مانایەکی هەیە، لە هەندێك کات مانای (دەستپیاهێنان) دێت و لە هەندێك حاڵەتی تریش بەمانای (پارێزگاری لە دەوروبەر) دێت، وەك: ژینگە، کێشەکانی پلانسازی شار و ئەو کارانەی پەیوەستن بەو یاسایانەی، کە بەمانای مانەوە و درێژەدان بە تەمەنی بیناکە دێت. (Carbonara:2000, 16-17)

- **جۆرەکانی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی**

کەلەپووریی ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتیی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان؛ کەلەپووریی ڕۆشنبیریی ماددی، دووەمیان؛ کەلەپووری ڕۆشنبیریی نامادی. جۆری یەکەمیشیان لە دوو بەش پێکدێت (کەلەپووری ڕۆشنبیریی جێگیر–نەگوازراوە-) و (کەلەپووریی ڕۆشنبیریی ناجێگیر-گواستراوە-).

کەلەپووری ڕۆشنبیریی جێگیریش دابەش دەبێت بۆ (کەلەپووری شوێنەواریی) و (کەلەپووری بیناکرد) ئەوەی دووەمیان بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە دەگرێتەوە. لەو هێڵکارییەی خوارەوە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ڕوونتر دابەشکاریی جۆرەکانی کەلەپوور بخەینەڕوو. بڕوانە هێڵکاریی (1). (کاری توێژەران؛ بەسوودوەرگرتن لە: بوشیبي و دیبون، 2023، 246)

هێڵکاریی (1): پێکهاتەکانی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی ڕووندەکاتەوە.




**ب- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و بوارەكانی بەكارهێنانی**

**1- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك**

- **كورتەیەك لەبارەی تۆڕی كۆمەڵایەتی**

مێژووی دەرکەوتن و گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیووە، یەکەمیان؛ بە نەوەی یەکەم (Web 1.0) ناودەبرێت، ئەم قۆناغە بۆ ساڵی (1995) دەگەڕێتەوە، کاتێك پێگەی (Classmates) و دواتر پێگەی (SixDegrees) دامەزرا، لەو پێگەیانە دەرفەت بەبەكارهێنەر دەدرا دۆسیەی كەسی خۆیان دابنێن و كۆمێنت بۆ هەواڵەكان بنووسن، بەشێوەیەكی گشتی دەرفەتێكی كەمی بۆ كارلێكی نێوان بەكارهێنەرانی دەڕەخساند، كە دەیانتوانی نامەی كورت بۆ یەكتری ڕەوانە بكەن، ئەم قۆناغە تا ساڵی (2010)ی خایاند، دواتر پێگەكانی (Asian Avenue ، Black Planet ،Live Journal)ی دامەزراند. دووەمیشیان؛ بە نەوەی دووەم (Web 2.0)ی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ناونرا، ئەم قۆناغە ساڵی (2002) بە دامەزراندنی تۆڕی كۆمەڵایەتی(Ester Friend) دەستپێدەكات، بەدوایدا چەندین تۆڕی كۆمەڵایەتی دیكەی، وەك:(توویتەر، پەینترێست، یووتیوب، فەیسبووك، لینكیدین، ئینستاگرام، تێمبڵەر، مای سپەیس) دامەزراو بەردەوامن. (ئەمین، زێباری: 2020، 209).

- **تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك: (دەركەوتن، پێناسە، پێكهاتە، تایبەتمەندی)**

تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك ساڵی (2004) لە ویلایەتی كالیفۆرنیا لەسەر دەستی (مارك زوكەربێرگ) و هاوڕێكانی دامەزرا و تاساڵی (2006) تایبەت بوو بە خوێندكارانی زانكۆ، بەڵام دوای ئەو مێژووە خزمەتگوزارییەكانی فراوانبوو. لەساڵی (2010) ژمارەی بەكارهێنەرانی گەیشت بە (500) ملیۆن كەس و لەوكاتەوە پێگەی پەیوەندی كۆمەڵایەتی ژمارە یەكە لە زۆری ژمارەی بەكارهێنەرانیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زۆرینەی بەكارهێنەرانی لە گەنجان بوو، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خزمەتگوزاریی بۆ زیاد دەكرا، لە (30ی ئەیلوولی 2019) ژمارەی فەرمانبەرە فول تایمەكانی گەیشت بە (45) هەزار و (803) كەس و بەكارهێنەرانیشی گەیشت بە (2.45) ملیار كەس لە جیهاندا. (یادگار، دەشتی: 2022، 889).

دەكرێت پێناسەی بكەین بەوەی: تۆڕێكی ئەلیكترۆنی كۆمەڵایەتییە، بەشداربوون تێیدا بەشێوەیەكی بەخۆڕاییە و لەلایەن كۆمپانیای فەیسبووكەوە، كە دواتر گۆڕدرا بۆ كۆمپانیای میتا خاوەندارێتی دەكرێت. لەدیارترین ئەو تۆڕە كۆمەڵایەتییانەیە، كە لە سەدەی (21) دەركەوتووە، لەنێو تۆڕەكەدا دەتوانرێت لاپەڕەی كەسی لەپاش وەرگرتنی ناسنامەی كەسی بكرێتەوە، بەكارهێنەر لە ڕێگەی تۆڕەكەوە دەتوانێت پەیوەندی و بەیەكگەیشتن لەگەڵ هەموو بەشداربووانی ناو هەمان تۆڕ و بەمەبەستی گواستنەوەی هەواڵ، زانیاریی، ڕا و تێڕوانین بەبێ سانسۆر و كۆتوبەند و سنور ئەنجام بدات. (یادگار، دەشتی: 2022، 889).

بەشێوەیەكی گشتی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك لە یەكگرتنی چەند پێكهاتەیەك پێكهاتووە. یەكەمیان: دۆسیەی كەسی (Profile)، هەموو زانیارییە تایبەتەكانی بەكارهێنەر لەخۆدەگرێت، لەوانە: وێنەی كەسی، ئارەزوومەندی و..هتد، هەموو ئەوانەش بۆئەوەی بەئاسانی لەلایەن هاوڕێیان لە نێو تۆڕەكە بدۆزرێتەوە. دووەمیان: دروستكردن گرووپ (Groups)، دەكرێت لەم ڕێگەیەوە بەكارهێنەر بۆ هەر پرسێك ئیدی سیاسیی بێت یان وەرزشی

یاخوود هەر بوارێکی تر، گرووپێکی ئەلیکترۆنیی دروستبکات و ئەو هاوڕێیانەی، کە مەبەستێتی لە نێو تۆڕەکەدا، بەشدارییان پێبکات. ئەو گرووپانەش چەند جۆرێکیان هەیە: گرووپی کراوە، گرووپی کراوە، گرووپی نهێنی و گرووپی ناچاریی. سێیەمیان: نامە (Messages)، ئەمەش یەکێکی ترە لە پێکهاتە و تایبەتمەندییە گرنگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەر ئاگاداریی ئەو نامانە دەبێت، کە بۆی دێت. هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت نامە بنێرێت و ئاگاداریش بێت لە هەر گۆڕانکاریی و پێشهاتێکی نوێ لەو گرووپانەی تێیدا بەشدارە. (هێرش ڕەسوڵ و ئەوانی تر: 2020، 79-80).

فەیسبووک، دەیان **تایبەتمەندی** خستووەتە بەردەست بەکارهێنەرانی، لە گرنگترینیان: **ڕووپەڕ** (Wall) بریتییە لەو شوێنەی، کە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بۆ بەکارهێنەرانی تەرخانکردووە. لە ڕێگەیەوە نووسین و گوزارشتی جیاجیا بڵاودەکرێتەوە. **نقورچ** (Pokes)، ئامرازێکە بۆ ئاگاداربوونەوەی بەکارهێنەران لەگەڵ یەکتری، لەڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەزانێت و ئاگادار دەبێت لە هەر بەخێرهاتنێکی لەلایەن هاوڕێکانییەوە. **وێنە** (Photo)، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، لەڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت وێنەی جۆراوجۆر وەربگرێت یاخوود بنێرێت بۆ مەبەستی جیاجیا. **بار** (Status)، لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت هاوڕێیانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەوە ئاگادار بکات، کە لە چ شوێنێك دەبێت، لەگەڵ دەرخستنی ئەو بارودۆخەی، کە تێیدایە. **بازاڕکاریی** (Market Place)، ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدات لە ڕێگەیەوە ڕیکلام بڵاوبکەنەوە بەشێوەیەکی بەخۆڕایی. **دیاری** (Gifts)، تایبەتمەندییەکە لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەران دەتوانن دیاری گریمانەیی بۆ یەکتر بنێرن و لەسەر پەڕەی تایبەتی دەردەکەوێت و پێشوازی لەگەڵ پێشوازیکردن لەو دیارییە ئاراستەی یەکدی دەکەن. **پەڕەی هەواڵ** (News Feed)، لەسەر پەڕەی سەرەکی هەموو بەکارهێنەرێکی تۆڕەکە دەردەکەوێت، کۆمەڵێك زانیاریی تری لەگەڵدایە، لەوانە: گۆڕانکاریی لە زانیارییە کەسییەکان، ڕۆژی لەدایکبوونی بەکارهێنەر و چەند زانیارییەکی تریش. **زیادکردنی هاوڕێیەتی** (Add Friend)، لەم ڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت داوای هاوڕێیەتی لە هەر بەکارهێنەرێکی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بکات و بیکات بە هاوڕێی خۆی. (هێرش ڕەسوڵ و ئەوانی تر: 2020، 79). هەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک چەند تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێت، لەوانە: (بەشدارییپێکردنی هاوڕێیان، یاریکردن لەگەڵ هاوڕێیان، دیاریکردنی شوێن، بەدڵبوون، کۆمێنت، هاوبەشیکردن، تێبینییەکان..هتد). (ئاواره حاجی خدر، سامان جەلال مولود: 2022، 596-597).

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک سەرباری ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆ پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیی لەنێوان تاکەکان دروستبووە، بەڵام بەکارهێنانی درێژبۆتەوە بۆ گرتنەخۆی چالاکیی و ڕووداوی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و فێرکاریی و کۆمەڵێک ڕۆڵ دەگێڕێت تاک و کۆمەڵگەکان سوودی لێ دەبینن، لەوانەش: ئاسانی یەکترناسین و پەیوەندیکردنی تاکەکان، توانای دەربڕینی بیروڕا و ئاراستەکان و پێشکەشکردنی بیرۆکەی جیاجیا و گفتوگۆکردنیان، فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ زۆرێک لە تاک و کۆمەڵگەکان بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی داواکاریی و کێشەکانیان و بەدەستهێنان و ڕاکێشانی سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و خێرایی بەردەستکردنی زانیاریی و هەواڵەکانی پەیوەست بە ڕووداوە سیاسییەکان و کاردانەوەکانیان، پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕۆشنبیریی و کەلتوریی نوێ بۆ بەدەستهێنانی زانست و زیادکردنی ڕۆشنبیریی، کاتبەسەربردن و چێژوەرگرتن بەهۆی ئەوەی ئەم تۆڕانە ڤیدیۆ و مۆسیقا و فیلم و شتی دیکەی لەخۆ گرتووە، بازرگانی ئەلیکترۆنیی و بەبازارکردن، زۆرێک لە کۆمپانیاکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمەکانیان دەخەنەڕوو هەروەها خۆدەربڕین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی دید و کەسایەتی و بیرۆکە و بەرژەوەندی و ئارەزووی خاوەنەکەیەتی بەگشتی و شکاندنی قۆرخکاری دەوڵەت لەسەر میدیاکان. (محمد، عبدالله: 2023، 83-84).

- **بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە کایەکانی کۆمەڵگەدا**

بوارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە کۆمەڵگەدا سنوردار نیین. هەر تاك و گرووپ و لایەنێك بەپێی ئامانج و سیاسەتی کارکردنی تۆڕەکە بەکاردەهێنێت و سوودی لێوەردەگرێت. هەر بۆیە ناتوانین بوارەکانی بەکارهێنانی کورتبکەینەوە، بەڵکوو تەنها دەتوانین ئاماژە بە چەند بوارێکی کەمی ئەو بەکارهێنانە بدەین.

**بەکارهێنانی بۆ بواری پەیوەندی کەسیی:** لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك زانیاریی ئاڵوگۆڕ دەکرێت، فایلی تایبەت و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها بوار دەڕەخسێنێت بۆ یەکترناسین و هاوڕێیەتی، لەگەڵ دروستکردنی کەشێکی کۆمەڵایەتیی تەبا لە بیرکردنەوە و ئارەزووەکانیان، ئەگەر تەمەن و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەواریشیان جیاواز بێت.

**بەکارهێنانی زانستیی:** تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لەبواری گەشەسەندنی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت، هەوڵدەدات لایەنی کۆمەڵایەتیشی بۆ زیاد بکات، بە بەشداریی هەموو لایەنەکان هەر لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و کەسوکاری قوتابیان، هەر بۆیە تەنها لە پەیوەندی قوتابی بۆ بابەتەکان کورتناکرێتەوە، بەڵکوو بۆ پەیوەندی قوتابخانە و مامۆستایان بە کەسوکاری قوتابیانیشەوە بەکاردێت. لەبەرئەوەی دەبێتەهۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانە و لەدەرەوەی کاتی قوتابخانەش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت و بەربەستی کاتیش لەناو دەبات، وەکچۆن ئازادی ڕادەربڕین و گفتوگۆش لای قوتابی زیاتر دەکات.

**بەکارهێنانی حکومی:** زۆرێك لە بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکان پەنایان بردووەتەبەر بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بۆ دروووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرەکانیان بەهیوای هەڵسەنگاندن و گەشەسەندنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، وایلێهاتووە هۆکاری پەیوەندی ئەلیکترۆنیی لەگەڵ جەماوەر بووەتە خاڵێکی بەهێزی فەرمانگە حکومییەکان، لەبەرئەوەی تێچووی کەمە و بەئاسانیش دەگاتە دەستی وەرگر.

**بەکارهێنانی هەواڵ:** تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی هەواڵ لە لای بەکارهێنەرانی، هەرچەندە ئەو زانیاریی و داڕشتنەوانە لەبارەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی پیشەییانەش نەبن.

**بەکارهێنانی بۆ پرسی بانگەواز:** تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك دەرگای کردووەتەوە بۆ پەیوەندی و بانگەواز لەگەڵ کەسانی تر، ئیدی ئەو جەماوەرە موسڵمان بێت یاخوود ئەوانەی ئاینێکی تریان هەیە، بە جیاوازی زمان و ڕەگەز و وڵات، زۆرێك لە بانگخوازەکان پەڕەی تایبەت و پێگەی بەهێزیان هەیە. تایبەتمەندی ئەو بانگەوازەی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك دەکرێت ئەوەیە، کە جیهانییە، خێرایە، بەردەوام نوێدەبێتەوە، بەربەستی کات و شوێن تێکدەشکێنێت، هەروەها ئاسانی لە بەکارهێنان و پەیوەندی و کەمی کۆشش و تێچووش. (الأشهب: 2016، 39- 40)

**بۆ گۆڕینی ئاراستەی گەنجان دەربارەی دۆزەکانی کۆمەڵگە:** گەنجان ڕۆژانە بۆ ماوەی نزیکەی پێنج کاتژمێر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن و لە پلەی یەکەم لەگەڵ هاوڕێیان و کەسە نزیکەکانیان بەکاریدەهێنن و بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لەو ڕووداوانەی لە جیهان ڕوودەدەن، یارمەتیشیان دەدات بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەیان بەرامبەر بە دۆزە تایبەتەکان لە کۆمەڵگەکانی خۆیان بەوشێوەیەی پەیوەندی بە زانینی زانیاریی نوێ هەیە و پێشتر نەیانزانیبوو. هەروەها بیرۆکەی تریشی لەبارەی هەریەك لە دۆزەکان لەلا دروستدەکات. (الحديثي: 2022، 136).

**بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری پاراستنی کەلەپوور و کەلەپووری بیناکرد:**

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە جیهانی مۆدێرن و کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی هەیە. ئەو وڵاتانەی، کە بە میراتی کەلتووریی دەوڵەمەندن، بەلایانەوە گرنگە ئەو تۆڕە بۆ پاراستنی ناسنامەی کەلتووریی خۆیان بەبێ سڕینەوەی ناسنامە ڕەسەنەکەی و بەبێ ئەوەی لە ژێر کاریگەریی کولتوورەکانی ڕۆژئاوادا بێت، بەکاربهێنن. تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەکارهێنانی ئاسانە و لە ڕێگەیەوە دەکرێت هۆشیاریی لەبارەی پاراستنی میراتی کەلتووریی بەرز بکرێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی پێشکەشکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی پێویست لەبارەی میراتی کەلتووریی وڵاتەکانیان. هەندێکجار ئەو میراتە شوێنەوارە تەلارسازییە بیناکردەکان دەگرێتەوە و هەندێکجاریش جلوبەرگی نەریتی، خواردنی خۆماڵی، هەروەها چیرۆکە بەناوبانگەکان سەبارەت بە میراتی وڵاتەکە. (مجد: 2021، 24).

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك یارمەتیدەرە و دەتوانێت لە پاراستنی میراتی کەلتووریی ڕۆڵببینێت، ئەویش لەڕێگەی ئەوەی ئەم سەکۆیە تایبەتمەندی نووسینی کۆمێنت و لایککردنی بڵاوکراوەکانی خستووەتەبەردەست بەکارهێنەرانی و ئەوانیش لەو ڕێگەیەوە زانیاریی و وێنە و گرتە لەبارەی میراتە کەلتوورییەکان دەخەنەڕوو. (بلعمري، حاجي: 2021).

سەکۆی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک زانیاریی لەسەر میراتی کەلتووری ماددی و نامادی بڵاودەکاتەوە، ڕەوایەتی بە فرەچەشنیەکەی دەدات و لەناوچوون دەیپارێزێت. هەروەها جەماوەر لە ڕێگەی بەشدارییکردن و سەرنجەکانیان کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکی بڵاوکراوەدا دەکەن، هۆگریی و ئارەزووی ئەوان بەرامبەر بە میراتی کەلتووریيان و ڕەنگدانەوەی ڕادەی پابەندبوونیان بە شانازیکردن و بەرەوپێشبردنی داب و نەریتەکانیان پیشان دەدات، هەروەها ئامادەییان بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی پاراستنی ئەو میراتە و دڵنیابوون لە مانەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەردەخات. (المير والآخرون: 2019، 13).

زۆرێك لە توێژینەوەکان گەیشتوون بەوەی، کە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەشدارییەکی کارای ئەرێنیانەی هەیە لە دەوڵەمەندکردن و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری شوێنەواریی و ناساندنی بە دەرەوە. (بلعياشي، سمعون: 2021، 565)

یەکێک لە گرنگترین ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی کەلەپووریی میللەتان تەریب لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بریتییە لە:

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، خەڵکی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو پێگە ئەلیکترۆنیەوە، بۆچوونەکانیان دەردەبڕن و بیرۆکەکانیان لەگەڵ ئەوانی تر هاوبەش دەکەن. ئەو هەنگاوەش بووەتەهۆی بوژاندنەوەی داب و نەریتەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو و کاریگەر، لەکۆتاییشدا؛ ئەوەی بەدەستهاتووە ئاسانکاریی بووە لە ناساندن و ناسینەوەی داب و نەریتی ئەوانی دیکەش. (صلاح، عبد اللطيف: 2022، 82).

**ج- کەلەپووره بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان**

بەپێی سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی توێژەران ژمارەیەك لەو شوێنەوارانە تایبەتمەندی بیناکردیان تێدایە و دەچنە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەمان. لە خوارەوە بەکورتی هەندێك زانیاریی لەبارەی هەریەکەیان دەخەینەڕوو.

**یەکەم: قولەکان:** بەدرێژایی کەناری ڕووباری سیروان لەلایەن عوسمانییەکان دروستکراون، ژمارەیان لەنێوان قەزای کەلار بۆ قەزای دەربەندیخان (14) قولە دەبێت. لەماوەی ڕابردوودا بەهۆکاری سرووشتی و مرۆیی زیانیان پێگەیشتووە و بەشێکیان کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە. بەگشتی لە دوو نهۆم پێکدێن، بەشی خوارەوەیان بریتییە لە ژوورێکی شێوە بازنەیی، کە تیرەکەی نزیکەی (5 مەتر) دەبێت، لە ناوەڕاستەوە دیوارێکی تێدایە ژوورەکە بۆ دوو بەشی سەرەکی لە باکوور و باشوور دابەش دەکات. بەشی باشووری دیسان دابەش دەبێت بۆ دوو ژووری زۆر بچوك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای قولەکە، لە نهۆمی خوارەوەش یەك دەرگای ڕووە و باشووری تێدایە. بەشی خوارەوەی قولەکە (9) کونە تاقی تێدایە، بەشێوەیەکی یەکسان بە دەوری قولەکەدا دابەشبوون، لە ڕێگەیان، دەتوانرێت هەموو ئاراستەکانی دەوروبەری ببینرێت. هەروەها تاقێکی دوکەڵکێش لە ناوەڕاستی ژوورەکە هەیە و ڕاستەوخۆش لە تەنیشتی دەرگاکەی لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە، پلیکانەیەکی تێدایە بۆ نهۆمی دووەم. ئەستوری دیواری نهۆی یەکەم نزیکەی یەك مەتر دەبێت و نهۆمی دووەمیش ڕاستەوخۆ لەسەر لێواری ناوەوەی نهۆمی یەکەم دروستکراوە و دەرگایەکی بچووکی کەوانەیی تێدایە بە بەرزی (80 سم) ڕووی کردووەتە ڕۆژهەڵات و چەند تاقێکی لاکێشەیی تێدایە و بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر دەوروبەری نهۆمی دووەمدا دابەشبووە. لە دروستکردنی قولەکان کەرەستەکانی، وەك: (بەردی تاوێر، قسڵ، بەردی قایە، خەڵوز، بەردی سروشتی، دار و حەسیر و خشتی سوورکراو بەکارهاتووە. **(چاوپێکەوتن: 9ی تشرینی یەکەم، 2023).**

ئامانجی سەرەکیش لە دروستکردنی قولەکان بۆ چاودێریکردنی جموجوڵەکان بووە لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری سیروان، کە کەوتوونەتە نزیك قەڵەمڕەوی دەوڵەتی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان. **(لقمان عبدالله: 11ی نیسان، 2017).** وێنەکان نەخشەی یەکێك لە قولەکان و کاری نۆژەنکردنەوەی پیشان دەدات.

وێنەی (1): یەکێك لە قولەکانی کەنار ڕووباری سیروان




(نەوزاد عبداللطیف عبدالکریم: 2017، 7-8، 24-25، 29-31).

**دووەم: باجگەی پەیکوڵی:** دەکەوێتە نزیک گوندی بەرکەل لە ناحیەی شێخ تەویلی سەر بە قەزای کەلار، خەڵکی ناوچەکە بتخانەشیان پێوتووە، شوێنەوارێکی سەردەمی ساسانییەکانە، وەك بورجێك وەهایە، مێژووی دروستبوونی بۆ سەردەمی پاشا نرسی (292 – 303 زایین) دەگەڕێتەوە، وەك یادگارییەك بۆ تاج لەسەرنانی ئەو پادشایە بۆ گرتنەدەستی تەختی شاهانەی ساسانی درووستکراوە. بەسەر دیوارەکانیدا نووسین بە زمانی پەهلەوی هەبووە باسی لە ڕووداو و کێشەکانی ئەو سەردەمە کردووە. دیوارە نووسراوەکان چەند بلۆکی بەردین بوون، کە هەندێکیان ونبوون و ئەو بەردانەی، کە نووسراوەیان هەبووە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانیدان. لە ساڵی (٢٠٠٦) تیمێکی شوێنەوارناسی ئیتالی کاریان لەسەریکردووە. **(World history: March 12, 2015)**

وێنەی (2): شوێنەواری باجگەی پەیکوڵی



(World history: March 12, 2015)



(World history: March 12, 2015)

**سێیەم: کۆشکی مەحمود پاشا:** دەکەوێتە گوندی تازەدێ بە دووری (9 کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار. کۆشکێکی دوو نهۆمییە و زیاتر لە کاروانسەرایەك دەچێت. لە لایەن (مەحمود پاشای جاف) دروستکراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1895 زایین)، جگە لە بینای سەرەکیەکەی کوشکەکە، لای باکوورەوە بینایەکی تری لاکێشەیی هەیە، کە پێدەچێت تەرخانکرابێت بۆ کۆگا و جێگەی تایبەتی ئەسپ و ئاژەڵی بارەبەر، لای باشووریشەوە بینایەکی تری بچووك هەیە، کە پێکهاتووە لە چەند ژوورێك بەسەر بەرزاییەکەوە دروستکراوە. **(ماڵپەری دەستەی گشتی گەشتوگوزاری کوردستان- عێراق: تشرینی یەکەم، 2023).**


وێنەی (3): شوێنەواری کۆشکی مەحمەد پاشا



(نەوزاد عبداللطيف عبدالكريم: 2017، 10)

**چوارەم: ئارامگاکانی سەید خەلیل:** بە دووری (7 کم) دەکەوێتە باکووری شاری کەلار، یەکێکە لەو گۆڕستانانەی هەرێمی کوردستان، کە زۆرترین بینای کەلەپووری لەخۆگرتووە، ژمارەیان زیاترە لە (24) بینا، بیناکانیش دوو جۆری سەرەکین، وەك: بینای سەرداپۆشراو و بینای سەرئاوەڵا، لە ڕووی بیناسازییەوە بەچەندین جۆری جیاواز بنیاتنراون. مێژووی هەندێك لەم بینایانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام ئەو گردەی، کە خودی ئارامگاکەی سەید خەلیل ی لەسەرە، زۆر کۆنە و پاشماوەی هەزارەی شەشەمی پێش زایینی تێدا دۆزراوەتەوە. **(محەمەد نەژوێنی: لاپەڕەی فەیسبووك، 31ی ئابی 2022).**

وێنەی (4): شوێنەواری ئارامگاکانی سەیید خەلیل



(محەمەد نەژوێنی: لاپەڕەی فەیسبووك، 31ی ئابی 2022).

**پێنجەم: ئاسیاوی قازی:** بە ئاشی قازییش ناسراوە، یەکێکە لەو چەند ئاشانەی، کە لە لێواری ڕووباری باوەشاسوار لە دەشتی کفری درووستکراون، بەکارهێنراون بۆ هاڕینی گەنم بۆ ئارد و بە ئاو کاریکردووە. دەکەوێتە دووری (3 کلم) لە سەنتەری شار لە لای باشووری بەنداوی باوەشاسوار. مێژووەکەی بۆ ساڵی (1863 زایین) دەگەڕێتەوە. لە دوو ژوور و تاوەرێکی بەرزی لولەیی پێکدێت و بەرزییەکەی شەش مەترە، لە یەکێك لە ژوورەکاندا لقێکی ئاوی ڕووبارەکەی پێدا تێپەڕیووە و ژوورەکەی تریش تایبەت کراوە بۆ بەردی ئاشەکە. گوزارشتە لە داهێنان لە بیناسازیی و ئەندازیارییەکی جوان و قەشەنگ، کە هێز و توانای مرۆڤی کورد لە پێکەوەژیان و کارکردن بۆ بژێوی خۆی لەو سەردەمەدا پیشان دەدات. **(هاوسەر کاکە و ئەوانی تر: 2019، 445).**

وێنەی (5): ئاسیاوی قازی




(سەردانی مەیدانی توێژەران: 20ی تشرینی یەکەم، 2023)

**شەشەم: سەرای کفری:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کفری. بەریتانییەکان لە ساڵی (1919زایین) دروستیان کردووە، پێکهاتووە لە دوو نهۆم و گۆڕەپانێکی گەورەی لەبەردەمدایە، دیواری بیناکە لە بەرد درووستکراوە. **(هاوسەر کاکە و ئەوانی تر: 2019، 446).**

وێنەی (6): سەرای کفری




(سەردانی مەیدانی توێژەران: 20ی تشرینی یەکەم، 2023)

**حەوتەم: قەیسەری کفری:** پێکهاتووە لە (168) دووکان، مێژووی دروستکردنی بۆ دەوروبەری ساڵانی (1890 زایین) دەگەڕێتەوە. جێگایەکی سەرنجڕاکێش و جوانە، وردی و جوانی کاری بیناکاریی لەو سەردەمەدا دەردەخات. **(صلاح الدين عبدالحميد: 2019، 117).**

وێنەی (7): قەیسەریی کفری






(سەردانی مەیدانی توێژەران: 20ی تشرینی یەکەم، 2023)

**هەشتەم: کۆشکی مەجید پاشا:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کفری لە نزیك قەیسەری کۆن و (مەجید پاشای قادر بەگ) بنیاتیناوە. مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. لە دوو نهۆم و چەند ژوورێك پێکدێت و لە ژوورێکی تایبەتیدا ئەزموونی هونەری تیایدا بەرجەستە کراوە، وەك نەخش و زەخرەفەی ئەندازیاری و نەباتی. **(سهيل خورشيد: 2013، 137).**

وێنەی (8): کۆشکی مەجید پاشا





(سەردانی مەیدانی توێژەران: 20ی تشرینی یەکەم، 2023)

**نۆیەم: خانووە کەلەپورییەکانی کفری:** بەشێکی زۆری شارەکە پێکدەهێنن، ئەم خانووانە بە کۆمەڵێك یەکەی بیناسازیی و زەخرفی گرنگ ڕازێنراونەتەوە، جگە لەمانەش هەندێك لە خانووەکان لە ڕابردوودا کۆمەڵێك یادگاری و هەندێك ڕووداوی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و هونەریان بەخۆیانەوە دیوە، کە لە ئێستادا جگە لە گرنگیە شوێنەوارییەکەی گرنگییەکی مێژوویشیان هەیە. نموونەی هەندێك لە خانووە کەلەپوورییەکانی کفری: خانووی سەید موحسین ئاغا (ئەم خانووە دوو کۆبوونەوەی لە نێوان شێخ مەحمود و هەردوو دەسەڵاتی ئینگلیز و حکومەتی عێراقی تێدا ئەنجامدراوە، هەندێك کەلوپەل و پاشماوەی ئەوکۆبونەوانە لەم خانووەدا ماونەتەوە. **(بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان: 2014، 16).**

وێنەی (9): خانووە کەلەپوورییەکانی کفری





(سەردانی مەیدانی توێژەران: 20ی تشرینی یەکەم، 2023)

**دەیەم: گەرماوی کفری:** لەسەر ڕووبەری (٢٥٠) مەتری دووجا لە سەر فەرمانی (مەجید پاشای بابان) لە بەشی خوارەوەی شاری کفری دروستکراوە. تاکە گەرماوێکە لە ژێرزەوی دروستکرابێت. یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، بۆ دروستکردنی حەمامەکە کەرەستەی بیناسازیی خۆماڵی، وەک: بەرد، قسل و تاوێر بە کارهاتووە. لە چوار ژوور، یان بەشی سەرەکی پێکهاتووە، وەک: بەشی خۆگۆڕین، ژووری خۆشتن، شوێنی گەرماو و بەشی سەرەکی بۆ گەرمکردنی ئاو (خەزنە)، کە بۆ ئەم مەبەستە قیر و خەڵووزیان بەکارهێناوە. تا ساڵی (٢٠٠٣)، وەک حەمامێک بەڕووی هاوڵاتییەکاندا کراوە بووە و خەڵک بۆ خۆششتن سەردانیان کردووە. **(ماڵپەڕی باسنیوز: هەشتی تەمووز، 2021).**

وێنەی (10): گەرماوی کفری





(ماڵپەڕی باسنیوز: هەشتی تەمووز، 2021).

**یازدەیەم: جۆگەی گاوری:** دەکەوێتە باشووری قەزای کەلار. مێژووەکەی بۆ سەدەی حەوتەمی زایین و سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە. لەنێو چۆمێکی وەرزیدایە و بەمەبەستی ئاودێری و کاری کشتوکاڵکردن بە شێوازێکی ئەندازیاریی و هونەریی نموونەیی و بە بەرد و قسڵ و گەچ بنیاتنراوە. لە ڕووباری سیروانەوە ئاوی بۆ دەشتی کەلار پێگواستراوەتەوە. درێژی جۆگەکە چەندین کیلۆمەتر دەبێت و بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەشی زۆری لەناوچووە. ساڵی (2005) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجامدراوە. **(کەناڵی کوردساتنیوز، ڕاپۆرت، 21ی کانوونی دووەم، 2016).**

وێنەی (11): جۆگەی گاوری





فۆتۆ: (مەریوان سوبحان، 2022)

**دوازدەیەم: ئارامگاکانی باوەشاسوار:** بە گۆڕستانی بناری شاخی باوەشاسوار لە کفرییش ناودەبرێت. لە (30-35) گومەزی دێرین و مێژوویی پێکهاتووە، مێژووەکەیان بۆ (250 بۆ 300) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەماوەی ڕابردوو بەهۆکاری کەشوهەوا بەشێکیان هەرەسیانهێناوە. گومەزەکان لەسەر گۆڕی کەسایەتییەکان دروستکراون و هۆکارەکەشی بۆ داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوکات کەسوکاری مردووان بە چەند کاتژمێرێک لەسەر گۆڕەکان دەمانەوە، بۆئەوەی تێکەڵی و بەریەککەوتن دروستنەبێت، ناچار ئەوەیان بۆ گۆڕەکان دروستکردووە. ئەم گومەزانە لە سەرچاوەکانی حکومەتی ئینگلیز و عێراقیش ئاماژەیان بۆ کراوە و لە هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیش بەتایبەت وڵاتانی شام گومەزی هاوشێوە هەن. **(کەناڵی گەلی کوردستان، هەواڵ، 15ی ئەیلوول، 2023).**

وێنەی (12): ئارامگاکانی باوەشاسوار



ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئابی 2023

**سیازدەهەم: قەڵای شێروانە:** قەڵایەکی ناسراو و بەناوبانگی گەرمیان و هەرێمی کوردستانە، لە ژێر زەمینێك و دوو نهۆم و ژوورێکی هەشت لا پێکهاتووە، بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان مێژووی درووستکردنی قەڵای شێروانە بۆ ساڵانی (1866 – 1874 زایین) لەلایەن محەمەد پاشای جاف دەگەڕێتەوە. **(چاوپێکەوتن: 9ی تشرینی یەکەم، 2023).** قەڵای شێروانە، تاوەکوو ئێستا حەوت جار نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام سەرجەم نۆژەنکردنەوەکان هەموو بەشەکانی قەڵاکەی نەگرتووەتەوە. **(ماڵپەڕی کەناڵی ڕووداو: 15ی شووبات، 2021).**

وێنەی (13): قەڵای شێروانە





(سەردانی مەیدانی توێژەران: 29ی تشرینی یەکەم، 2023)

**چواردەهەم: کۆشکی حەوش کوڕوو:** ئەم کۆشکە مێژووی دروستکردنەکەی بۆ سەردەمی حوکمڕانی (خەسرەو پەروێز 590-628 زایین) پادشای ساسانییەکان دەگەڕێتەوە. **(بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان: تابلۆی هەڵواسراو).** کەوتووەتە نێوان (خانەقین – کەلار)، بینایەکی ئێجگار گرنگ و گەورەی سەردەمەکەی خۆی بووە، هەم قەڵا و هەم وێستگەیەکی گرنگی سەر ڕێگای نێوان ئێرانی ئەوکات و ناوچەی گەرمیان و میسۆپۆتامیا بووە، بینایەکی پڕ لە ژوور و داڵان و هەیوانی بە بەرد و قسڵ بنیاتنراوە. **(خالد مەحمود کەریم: 2019، 223-224).** گوندی حەوش کوڕوو دەکەوێتە سنوری ناحیەی قۆرەتوو لە قەزای خانەقین.

وێنەی (14): کۆشکی حەوش کوڕوو





(ماڵپەڕی کوردپێدیا: ئابی 2023)

(تەلەڤزیۆنی ئایندە لە فەیسبووك: 29 ئازار 2022)

## تەوەری سێیەم: شیکارنامەی توێژینەوە

## ڕۆڵی فەیسبووك لە پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکانی ئیدارەی گەرمیان

لەم تەوەردا؛ شیکردنەوەی ناوەڕۆك لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆك بۆ بابەت و بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (31ی ئازار– 30 ئەیلوولی 2023) ئەنجامدراوە. لە خشتەکانی (1- 3) ڕوونکردنەوەی پێویست لەوبارەیەوە خراوەتەڕوو.

**یەکەم: شیکارکردن لەڕووی شێوە**

**1- ژانرە ڕۆژنامەنووسییە بەکارهاتووەکان بۆ ڕوومالی بابەتەکانی پەیوەست بە کەلەپووری ڕۆشنبیریی ماددی**

لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (100%) بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە کەلپووری ڕۆشنبیریی ماددی، کە پەیوەستن بە ناوچەی گەرمیان لە چوارچێوەی (کورتە هەواڵ)دان و هەموو ژانرەکانی تر، کە خۆیان لە هەواڵ (ڕاپۆرتە هەواڵ، چیرۆکە هەواڵ) و وتار، بەدواداچوون و گفتوگۆ دەبینێتەوە فەرامۆشکراون. توێژەران ئەوە بەگرفت دەزانن و باشتر وەهایە بەپێی سروشتی بابەتەکان هونەرە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بۆ خستنەڕووی بابەتەکان بەکاربهێنرێت. بڕوانە خشتەی (4):

خشتەی (4): ژانرە بەکارهاتووەکان لە ڕوومالی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە کەلپووری ڕۆشنبیریی ماددی لە ناوچەی گەرمیان پیشان دەدات.

| ژانرە ڕۆژنامەنووسییە بەکارهاتووەکان | | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| هەواڵ | ڕاپۆرتە هەواڵ | 0 | 0 | دووەم |
| | چیرۆکە هەواڵ | 0 | 0 | دووەم |
| | کورتە هەواڵ | 7 | 100 | یەکەم |
| وتار | | 0 | 0 | دووەم |
| بەدواداچوون | | 0 | 0 | دووەم |
| گفتوگۆ | | 0 | 0 | دووەم |

**2- جۆری ناونیشانی بەکارهاتوو بۆ ڕوومالی بابەتەکان**

زۆرینەی بڵاوکراوەکان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (42.9%) تەنها لە (ناونیشانی سەرەکی و وێنە) پێکهاتوون، پلەی دووەمیان بەرێژەی (28.6%) بۆ هەردوو جۆری (پێشەکی هەواڵ و وێنە) و (هەموو ئەوانەی پێشوو) هاتووە، هیچ بابەتێکیشیان بەتەنها (ناونیشانی سەرەکی) و (ناونیشانی سەرەکی و پێشەکی هەواڵ) نەبووە. لە ئەنجامەکانەوە دەگەین بەوەی، کە زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکان لە قاڵبێکی تەواوەتی هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی نەخراونەتەڕوو، کە لە (ناونیشانی سەرەکی، پێشەکی هەواڵ، ناوەڕۆك و پاشان پاشخان) پێکهاتووە. ئەوەش وەها دەکات وەرگر نەتوانێت بە ڕێگەیەکی هونەریی ئاسان دەستی بە هەموو زانیارییە پێویستەکان بگات. بڕوانە خشتەی (5).

خشتەی (5): شێوازی بەکارهاتوو لە خستنەڕووی بابەتە بڵاوکراوەکان پیشان دەدات.

| ناونیشانەکان | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ناونیشانی سەرەکی | 0 | 0 | سێیەم |
| ناونیشانی سەرەکی و وێنە | 3 | 42.9 | یەکەم |
| ناونیشانی سەرەکی و پێشەکی هەواڵ | 0 | 0 | سێیەم |
| پێشەکی هەواڵ و وێنە | 2 | 28.6 | دووەم |
| هەموو ئەوانەی پێشوو | 2 | 28.6 | دووەم |
| بەبێ ناونیشان | 0 | 0 | سێیەم |

**3- جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ڕوومالی بابەتە بڵاوکراوەکانی کەلەپووری ڕۆشنبیریی ماددی**

زۆرینەی وێنە بەکارهاتووەکان لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (28.6%) بۆ هەریەك لە (وێنەی هێمایی)، (وێنەی کەسی) و (وێنەی هەواڵی) هاتوون، هەروەها (14.3%) لە پلەی دووەم بریتییە لە (نەخشە). هیچ وێنەیەکیش لە جۆرەکانی (وێنەی کێشراو، بەکارهێنانی زیاد لە یەکێك لە وێنەکان) و تەنانەت ڤیدیۆش بە هەردوو جۆری (لایف و تۆمارکراو) بەکارنەهێنراوە. ئەو ئەنجامەش پیشانی دەدات، کە گرفت لە بەکارهێنانی وێنەکان لەگەڵ بڵاوکراوەکان هەیە و باشترە سوود لە هەموو جۆرەکانی وێنە بەپێی پێویستیان ببینرێت، چونکە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیان و بۆ کات و بارودۆخێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن. بڕوانە خشتەی (6).

خشتەی (6): جۆرەکانی وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ بابەتە بڵاوەکراوەکان پیشان دەدات.

| جۆری وێنەی بەکارهاتوو | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| وێنەی هێمایی | | 2 | 28.6 | یەکەم |
| نەخشە | | 1 | 14.3 | دووەم |
| وێنەی کێشراو | | 0 | 0 | سێیەم |
| وێنەی کەسی | | 2 | 28.6 | یەکەم |
| وێنەی هەواڵی | | 2 | 28.6 | یەکەم |
| ڤیدیۆ | ڕاستەوخۆ (لایف) | 0 | 0 | سێیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تۆمارکراو | 0 | 0 | سێیەم |
| زیاتر لە ئامرازێك | | 0 | 0 | سێیەم |

**4- جۆری خاوەندارێتی وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ بڵاوکراوەکانی کەلەپووری رۆشنبیریی ماددی**

خاوەندارێتی وێنە بەکارهاتووەکان لەگەڵ بڵاوکراوەکان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (85.7%) دەگەڕێتەوە بۆ (لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور)، (14.3%) شیان لە پلەی دووەم بۆ (مانگە دەستکردەکان). هیچ وێنەیەکی بەکارهاتوو لەگەڵ بڵاوکراوەکانیش خاوەندارێتییەکەی بۆ (ئاژانسەکان، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، تۆڕەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیی، رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی تەلەڤزیۆنی) و ناگەڕێتەوە. بەپێی ئەنجامەکان ئەوە کارێکی گرنگە، کە خاوەندارێتی زۆربەی وێنە بەکارهاتووەکان لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور بۆ لاپەڕەکە دەگەڕێتەوە، پیشانی دەدات کارەکان زۆربەیان بەشێوەی مەیدانین و لە شوێنی کارەکان گیراون و پشت بەسەرچاوەی دیکە نەبەستراوە. بڕوانە خشتەی (7).

خشتەی (7): خاوەندارێتی وێنە بەکارهاتووەکان لەگەڵ بڵاوکراوەکان پیشان دەدات.

| جۆری وێنەی بەکارهاتوو | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| تایبەت بە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور | | 6 | 85.7 | یەکەم |
| وەرگیراو لە: | ئاژانسەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| | ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| | رۆژنامە و گۆڤارەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| | کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| | مانگە دەستکردەکان | 1 | 14.3 | دووەم |

**5- زمانی بەکارهاتووی بڵاوکراوەکان**

زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست)، کە هەندێکیش بە (شێوەزاری سۆرانی) ناوی دەهێنێت، لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (71.4%) بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان بەکارهاتووە، پاشان لە پلەی دووەم و بەرێژەی (28.6%) هەردوو شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) و (زمانی ئینگلیزیی) پێکەوە بەکارهاتووە. هاوکات شێوەزاری (کرمانجی سەروو) یاخوود هەردوو شێوەزار پێکەوە تەنانەت زمانی عەرەبیی و هیچ زمانێکی دیکەش بۆ بڵاوکردنەوەی هیچ یەکێك لە بڵاوکراوەکان بەکارنەهاتووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە زمان کۆڵەکە و رێگەیەکی گرنگە بۆ ناساندن و پاراستنی شوێنەوار بە هەموو خەڵکی کوردستان لە ناوەوە و خەڵکانی بیانی و تەنانەت عەرەبیی و عێراقیش کە بۆ سەردان دێنە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و گەرمیان و زۆرجار سەردانی ناوچە کەلەپوورییە بیناکردەکان دەکەن. بڕوانە خشتەی (8).

خشتەی (8): زمانی بەکارهاتوو لە خستنەرووی بڵاوکراوەکان پیشان دەدات.

| جۆری زمان | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| کوردی | شێوەزاری سۆرانی | 5 | 71.4 | یەکەم |
| | شێوەزاری کرمانجی | 0 | 0 | سێیەم |
| | هەردووکیان | 0 | 0 | سێیەم |
| عەرەبی | | 0 | 0 | سێیەم |
| شێوەزاری سۆرانی لەگەڵ ئینگلیزیی | | 2 | 28.6 | دووەم |
| هی تر | | 0 | 0 | سێیەم |

**دووەم: شیکارکردن لە رووی ناوەڕۆك**

**6- جۆری ناوەڕۆکی بابەتەکانی تایبەت بە کەلەپووری رۆشنبیریی ماددی**

زۆرینەی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (71.4%) لە چوارچێوەی (کەلەپووری رۆشنبیریی جێگیر)دان و (28.6%) یشیان لە پلەی دووەم بریتیین لە (کەلەپووری رۆشنبیریی گواستراوە). بەوپێیەش زۆرینەی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە سنوری ئیدارەی گەرمیان لەچوارچێوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی توێژەراندان. بڕوانە خشتەی (9).

خشتەی (9): جۆری ناوەڕۆکی کەلەپووری رۆشنبیریی ماددی لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور پیشان دەدات.

| **جۆری ناوەڕۆك** | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| کەلەپووری رۆشنبیریی ماددی | کەلەپووری رۆشنبیریی جێگیر | 5 | 71.4 | یەکەم |
| | کەلەپووری رۆشنبیریی گواستراوە | 2 | 28.6 | دووەم |

**7- بەشەکانی کەلەپووری رۆشنبیریی جێگیر**

پلەی یەکەمی بابەتە (کەلەپووری رۆشنبیریی جێگیر) بە رێژەی (60%) دەچێتە چوارچێوەی (کەلەپووری بیناکرد) و پلەی دووەمیشیان بەرێژەی (40%) لە چوارچێوەی (کەلەپووری شوێنەواریی) دێت. ئەو ئەنجامەش پیشاندەری ئەوەیە، کە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور تارادەیەکی باش گرنگی بەبڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە (کەلەپووری بیناکرد) داوە. وەکچۆن دەرخەری ئەو ڕاستیەشە کە ناوچەی گەرمیان دەوڵەمەندی بەو جۆری کەلەپوورە بڕوانە خشتەی (10).

خشتەی (10): قەبارەی گرنگیدان بە جۆرەکانی (کەلەپووری ڕۆشنبیریی جێگیر) لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور پیشان دەدات.

| کەلەپووری ڕۆشنبیریی جێگیر | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەلەپووری بیناکرد | 3 | 60 | یەکەم |
| کەلەپووری شوێنەواریی | 2 | 40 | دووەم |

**8- پێکهاتە سەرەکییەکانی کەلەپووری بیناکرد لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور**

زۆرینەی بابەتە بڵاوکراوەکان لە نێو (کەلەپووری بیناکرد) لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (67%) بریتیین لە (شار و بینای کەلەپووریی)، (33%) لە پلەی دووەم بریتییە لە (مۆزەخانە و کتێبخانە)، هیچ بابەتێکی بڵاوکراوەش پەیوەست نییە بە جۆرەکانی دیکەی کەلەپووری بیناکرد. ئەوەش پیشانی دەدات، کە لەنێو پێکهێنەرەکانی (کەلەپووری بیناکرد)ش لە سنوری گەرمیان هەریەك لە جۆرەکانی شار و بینای کەلەپووریی و مۆزەخانە و کتێبخانە زیاتر هەن، تاوەکوو هەر پێکهێنەرێکی دیکە. بڕوانە خشتەی (11).

خشتەی (11): جۆرەکانی کەلەپووری بیناکرد لە ناوچەی توێژینەوەکە پیشان دەدات.

| کەلەپووری بیناکرد | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| شار و بینای کەلەپووریی | 2 | 67 | یەکەم |
| گەڕەکە کلاسیکییەکان | 0 | 0 | سێیەم |
| ئەو بینایانەی ڕەهەندی سەربازی، ئایینی و شارستانیان هەیە | 0 | 0 | سێیەم |
| مۆزەخانە و کتێبخانە | 1 | 33 | دووەم |
| کار و رووکارە تەلارسازییەکان | 0 | 0 | سێیەم |

**9- گرنگترین شێوازی پەیرەوکراو بۆ پاراستنی کەلەپووری بیناکرد**

**(تێبینی: ئاماژە بە زیاد لە ڕێگە و شێوازێك بەکاردێت)**

چەندین ڕێگە و شێواز بۆ پاراستنی کەلەپووری بیناکرد هەن، لێرەدا توێژەران سەرنجیان داوە لەوەی، کە پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلتوور زیاتر گرنگی بە چ یەکێك لە ڕێگەکان بۆ پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان داوە، سەرنج ئەوەیان داوە، کە زۆرجار زیاد لە ڕێگەیەك بەکارهێنراوە. بەشێوەیەك:

هەریەك لە ڕێگەکانی (کۆکردنەوە و ژمارەلێدان)، (تۆمارکردن) و (یاداشتکردن) لە پلەی یەکەم و بۆ هەریەکەیان بە ڕێژەی (25%) بووە، بەڵام ڕێگەکانی (چاکسازیی) و (بەبەهاکردن) لە پلەی دووەم و بەرێژەی (10.7%) بۆ هەریەکێکیان بووە. هاوکات هیچ یەکێك لە ڕێگەکانی دیکەی ئاماژە پێدراو لە خشتەی خوارەوە لەچوارچێوەی پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان بەرچاو نەکەوتوون. بەپێی ئەو ئەنجامەش لەپاڵ ئەو ڕێگەیانەی، کە گرنگیان پێدراوە لە بڵاوکراوەکان، گرنگیشە ڕێگە و شێوازەکانی دیکەش، کە لە پاراستنی شوێنەووارەکان بەکاردەهێنرێن، بخرێنەڕوو و بەگرنگ باسبکرێن. بڕوانە خشتەی (12).

خشتەی (12): شێواز و ڕێگەکانی پاراستنی کەلەپووری بیناکرد لە سنوری ئیدارەی گەرمیان پیشان دەدات.

| شێواز و ڕێگەکانی پاراستنی کەلەپووری بیناکرد لە ئیدارەی گەرمیان | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆکردنەوە و ژمارەلێدان | 7 | 25 | یەکەم |
| تۆمارکردن | 7 | 25 | یەکەم |
| یاداشتکردن | 7 | 25 | یەکەم |
| چاکسازیی | 3 | 10.7 | دووەم |
| دەستپیاهێنان و پارێزگاریی | 1 | 3.6 | سێیەم |
| بەبەهاکردن | 3 | 10.7 | دووەم |
| بەگەڕخستن | 0 | 0 | چوارەم |
| نۆژەنکردنەوە | 0 | 0 | چوارەم |
| ژیاندنەوە | 0 | 0 | چوارەم |
| هی تر | 0 | 0 | چوارەم |

**10- ڕۆڵە میدیاییەکانی لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەبارەی پاراستنی کەلەپووری بیناکرد.**

**(تێبینی: لاپەڕەکە زیاد لە ڕۆڵێکی ئەنجامداوە)**

بەپێی خشتەی (13): تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت (فەیسبووك) لە توانایدایە چەندین ڕۆڵ لە پێناو پاراستنی کەلەپووری بیناکرد ببینێت. بۆئەو مەبەستەش توێژەران هەوڵیانداوە ئەو ئەرکانە لەسەر پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان تاقیبکەنەوە، بۆئەوەی دەربکەوێت تا چ ڕادەیەك و بە چ شێوازێك ئەو لاپەڕەیە ئەو ئەرکەی بەرجەستە کردووە.

لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (20%) ئەرکی (بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و وتار لەگەڵ بۆچوونی پسپۆڕان لەبارەی ئەو کەلەپوورە بیناکردەی گەرمیان پێی ناسراوە) بەجێگەیاندووە، پاشان لە پلەی دووەم و بەرێژەی (17.1%) بۆ هەریەك لە ئەرکەکانی: (پاڵپشتی لە بابەت و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کەلەپووریی بیناکرد)، (خستنەرووی ئەو مەترسیانەی لەسەر دارمانی کەلەپووریی بیناکرد هەیە لە گەرمیان) و (بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە

بەرپرسیاریەتی حکومەت بەرامبەر پاراستنی کەلەپووری بیناکرد لەگەڵ خستنەرووی رێگەکان بۆ پاراستن و دەرکردنی یاسا و رێنمایی توونددژ بە هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر کەلەپووره بیناکردەکان) هاتووه، لە پلەی سێهەمیش بەرێژەی (8.6%) پەیجی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور ئەرکی (هاندانی هاوولاتیان بۆ سەردنیکردنی ئەو ناوچانەی کەلەپووری بیناکردیان تێدایە) لە بەرامبەر پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان پێکهێناوە. هەروەها لە پلەی چوارەم و بەرێژەی (5.7%) ئەرکی (ئەنجامدانی لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لەگەڵ ناوەندە زانستیی و پسپۆرەکانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ پاراستنی کەلەپووری بیناکرد) بووە. هاوکات ئەوەندەی توێژەران سەرنجیان داوە، هیچ یەکێك لە بڵاوکراوەکان لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان نەبوون.

بەپێی ئەو ئەنجامانە دەرکەوتووە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت (فەیسبووك) دەتوانێت بەچەندین رێگەی جیاواز کار لەسەر پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە پەیجی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلتوور لەپاڵ بەجێهێنانی بەشێکی زۆر لەو ئەرکانە، بەڵام چەند بەشێکی گرنگیشیانی پشتگوێخستووە و ئەوەش وەها دەکات کەمووکورتی لە و کەلێن لە رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە مەسەلەی پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان درووست بێت.

**بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی خشتەی (13) لەگەڵ ئەنجامی هەموو توێژینەوەکانی پێشوو یەکدەگرێتەوە و هیچ ناتەباییەکیان لەگەڵ یەکدا نییە:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خزمەتگوزاریی گرنگیان لە بواری پاراستنی کەلەپووریی شوێنەواریی دەستەبەرکردووە و دەرفەتیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی دەربارەی پاراستنیان گەشەپێداوە. **(خولة، أمال: 2022، 71).** هەروەها ئەوەش سەلمێنراوە، کە ئامرازەکانی میدیا لەنێویشیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکانە رۆڵ لە پاراستن و بەبەهاکردنی کەلەپووریی شوێنەواریی دەگێڕن لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەنێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە. هەروەك میدیای رۆشنبیریی لەتوانایدایە کار لەسەر پاراستنی کەلەپوور و یاداشتکردنی لە رێگەی تۆمارکردن و وێنەگرتنی بکات و بەوشوەیەش لە دەستوەردانی مرۆڤ دەیپارێزێت. **(بوترعة، بن صغير: 2022، 14).** هەندێك توێژینەوەی دیکەش ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گرنگن بۆ پارێزگاری لە کەلەپوور و گەیاندنی بە نەوەکانی داهاتوو و پاراستنیان، هاوکات رۆڵیشیان لە گەیاندن و ناساندنی کەلەپوورەکان تەنانەت بە جیهانیش هەیە، چونکە دەتوانن وێنە و ڤیدیۆ و ناوەرۆکی ئامانجداری پەیوەست بە کەلەپوورەکان بڵاوبکەنەوە و بەرنامە و پێشبڕکێی جۆربەجۆری زانیارییبەخشین لەبارەی شوێنەوارە کەلەپوورییەکانیش بەرهەمبهێنن. **(بوصابة: 2021، 21).** هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەی **(بن قادي: داولحاج: 2020، 102)** گەیشتووە بەوەی: تەنانەت میدیا بیستراوە ناوخۆییەکانیش رۆڵیان هەیە لە پاراستنی هەندێك میراتی دەمەکی ناماددی تایبەت، هەروەك گواستنەوەی رووداو و واقیعی پەیوەست بە کەلەپووریی رۆشنبیریی ناماددی و گرنگیدان و دیارخستنی کەلەپووریی دەمەکی ناوچەییە بەشێوەیەکی بەرفراوان. سەرباری ئەوانەش تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك رۆڵی هەیە لە پاراستنی دیمەنە مێژووییەکانی شارەکان لە رێگەی گێڕانەوە و خستنەڕووی چیرۆکی دروستکردن و نەخشەسازییان بەشێوەیەکی ئۆنلاین. لەگەڵ ئەوەش تۆمارکردن و گێڕانەوەکانی سۆشیاڵمیدیا لەلایەك خەڵکی بەجۆرە جیاجیاکانی شوێنەوار ئاشنا دەکات و لەلایەکی تریش وەها لە خەڵك دەکات لە پاراستنی ئەو جۆرە شوێنەوارانە لە شارەکانیان رۆڵیان هەبێت، لەکۆتاییشدا؛ وابەستەییان بە شارەکانیان و زانیاریی گشتییان لەبارەی لایەنی مێژوویی شوێنەوارەکان زیاد دەکات. **(هوەيڤين: 2019، 61).** بڕوانە خشتەی (13).

خشتەی (13): رۆڵی لاپەڕەی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکان لە سنوری ئیدارە سەربەخۆی گەرمیان پیشان دەدات.

| رۆڵی لاپەرەی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك پەیوەست بە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد لە سنوری ئیدارەی گەرمیان | دووبارە | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و وتار لەگەڵ بۆچوونی پسپۆران لەبارەی ئەو کەلەپووره بیناکردەی گەرمیان پێی ناسراوە. | 7 | 20 | یەکەم |
| هاندانی هاوولاتیان بۆ سەردنیکردنی ئەو ناوچانەی کەلەپووری بیناکردیان تێدایە. | 3 | 8.6 | سێیەم |
| بڵاوکردنەوە رۆشنبیریی یاسایی تایبەت بە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد. | 0 | 0 | پێنجەم |
| ئەنجامدانی لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لەگەڵ ناوەندە زانستیی و پسپۆرەکانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ پاراستنی کەلەپووری بیناکرد. | 2 | 5.7 | چوارەم |
| هەڵمەتی هۆشیاریی گەشتیاران بۆ دووورکەوتنەوە لە دزین و تێکدان و تاڵانکردنی رووکارە کەلەپوورییەکان لەکاتی سەردانیکردنیان. | 0 | 0 | پێنجەم |
| پێدانی زانیاریی و رێنوێنی بە گەشتیارە هەرێمی و جیهانییەکان لەکاتی سەردانی ناوچەکانی کەلەپووری بیناکرد لە رێگەی رێبەری گەشتیاریی و دروستکردنی نەخشەی جوگرافی لەگەڵ چۆنیەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن لێیان. | 0 | 0 | پێنجەم |
| ئەنجامدانی کاری ریکلامی تایبەت بۆ پاڵپشتی لە پارێزگاری لە کەلەپووریی بیناکرد. | 0 | 0 | پێنجەم |
| پاڵپشتی لە بابەت و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کەلەپووریی بیناکرد. | 6 | 17.1 | دووەم |
| خستنەڕووی ئەو مەترسیانەی لەسەر دارمانی کەلەپووریی بیناکرد هەیە لە گەرمیان. | 6 | 17.1 | دووەم |
| بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە بەرپرسیاریەتی حکومەت بەرامبەر پاراستنی کەلەپووریی بیناکرد لەگەڵ خستنەرووی رێگەکان بۆ پاراستن و دەرکردنی یاسا و رێنمایی توونددژ بە هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر کەلەپووره بیناکردەکان. | 6 | 17.1 | دووەم |

## دەرئەنجام

1- (کورتە هەواڵ) لە دیارترین ئەو ژانرە رۆژنامەنووسیانەیە، کە بۆ رووماڵکردنی بڵاوکراوەکانی پەیوەست بە پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و لەلایەن لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلتوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەکارهاتووە.

2- بڵاوکراوەکانی تایبەت بە پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك زیاتر لە رێگەی (ناونیشانی سەرەکی و وێنە) خراونەتەڕوو و هەندێکی تریشیان تەنها بە بەکارهێنانی (پێشەکی هەواڵ و وێنە) و (ناونیشانی سەرەکی و پێشەکی و وێنە).

3- زۆرینەی وێنە بەکارهاتووەکان لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوسەت بە پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور، بریتیین لە: (وێنەی هێمایی)، (وێنەی کەسی) و (وێنەی هەواڵی)، وەکچۆن خاوەندارێتی زۆرینەیان بۆ لاپەڕەی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە تۆڕی فەیسبووك دەگەڕێتەوە.

4- زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست)، کە هەندێکیش بە (شێوەزاری سۆرانی) ناوی دەهێنێت، دیارترین ئەو جۆری زمان و شێوەزارەیە بۆ رووماڵی بابەتەکانی پەیوەست بە پارێزگاری لە کەلەپووری بیناکرد لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بەکارهاتووە، پاشان هەردوو شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) و (زمانی ئینگلیزیی) پێکەوە.

5- زۆرینەی بابەتە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕەی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە چوارچێوەی (کەلەپووری رۆشنبیریی نەگواستراوە) پاشان (کەلەپووری رۆشنبیریی گواستراوە) دێت، لەنێو کەلەپووری رۆشنبیریی جێگیر، کەلەپووری شوێنەواریی پێش شوێنەواری بیناکرد کەوتووە.

6- بواری (شار و بینای شوێنەواریی) و(مۆزەخانە و کتێبخانە) لەو دوو بەشە گرنگەی (شوێنەواری بیناکرد)ین، کە بەراورد بە بەشەکانی تر، لەلایەن لاپەڕەی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور گرنگییەکی زۆر بە رووماڵکردنیان دراوە.

7- لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك چەند رێگە و شێوازێکی بۆ گرنگیدان بە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد بەکارهێناوە، لەوانەش، رێگەکانی (ژماردن و ژمارەپێدان)، (تۆمارکردن) و (یاداشتکردن)، پاشان رێگەکانی (چاککردنەوە) و (دەوڵەمەندکردن).

8- لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك)، چەندین ئەرکی لە بەرامبەر پاراستنی کەلەپووری بیناکرد بەکارهێناوە، دیارترینیان: بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و وتار لەگەڵ دید و بۆچوونی پسپۆران لەبارەی تایبەتمەندی کەلەپوورە بیناکردەکانی گەرمیان) پاشان هەریەك لە ئەرکەکانی: (پشتیوانی لە بابەت و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کەلەپووری بیناکرد)، (گرنگیدان بە خستنەڕووی مەترسییەکانی دارمان و لەناوچوونی کەلەپوورە بیناکردەکان)، (بڵاوکردنەوەی بابەتی پەیوەست بە بەرپرسیاریەتی حکومەت لە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد)، (خستنەڕووی شێواز و رێگە تایبەتەکان بۆ پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان)، (دەرکردنی یاسا و رێنمایی توند بۆ پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان و پاراستنیان لە بە تاڵانکردن و تێکدان)، هەروەها (هاندانی هاووڵاتیان و گەشتیاران بۆ سەردانی ئەو شوێنانەی کە مۆرکێکی کەلەپووریی بیناکردیان هەیە) لەگەڵ بەجێگەیاندنی ئەرکی (ئەنجامدانی رێککەوتن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ناوەندە زانستیی و تایبەتمەندەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان).

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆڵە گرنگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت فەیسبووك دەتوانێت لە بواری پاراستنی کەلەپوور و کەلەپووریی بیناکرد ببینێت، لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان، چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێك دەخەینەڕوو:

1- لەبەرچاوگرتنی لایەنی پیشەیی میدیایی لە داڕشتن و نووسینەوەی هەواڵ و بڵاوکراوەکان.

2- بەکارهێنانی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان بەپێی سرووشت و پێویستی رووداو و زانیارییەکان.

3- بەکارهێنانی وێنەی هەواڵی، کە خاوەنداریەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور بگەڕێتەوە، لەگەڵ بڵاوکراوەکان و دوورکەوتنەوە لە وێنەی وەرگیراو لە سەرچاوەکانی دیکەوە.

4- هاوشان لەگەڵ زمانی کوردی، زمانە زیندووەکانی تری جیهانیش بۆ بڵاوکراوەکان زیاد بکرێت بەتایبەت زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزیی.

5- بڵاوکردنەوە رۆشنبیریی یاسایی تایبەت بە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد.

6- ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گەشتیاران بۆ دوورکەوتنەوە لە دزین و تێکدان و تاڵانکردنی رووکارە کەلەپوورییەکان.

7- پێدانی زانیاریی و رێنوێنی بە گەشتیارە هەرێمی و جیهانییەکان لەگەڵ ئەنجامدانی کاری ریکلامی تایبەت بۆ پاڵپشتی لە پارێزگاری لە کەلەپووریی بیناکرد.

8- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی رۆڵی ئامرازە میدیاییە کۆنباوەکان لە پاراستنی کەلەپووری بیناکرد، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاریی لەبارەی رۆڵی هەریەك لە ئامرازە نوێیەکان و کۆنباوەکان لە بواری پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

9- دەکرێت توێژینەوەیەکی وەسفی – ڕوپێوکاریی لەبارەی رۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە ناساندن و پاراستنی کەلەپوورە بیناکردەکان لە ڕووانگەی پسپۆرانی میدیا، شوێنەوار و تەلارسازیی ئەنجامبدرێت.

## سەرچاوەکان


1- الأشهب، عبد السلام: إستخدام مواقع التواصل الإجتماعي الفيس بوك أنموذجا وعلاقتها بالتنشئة الإجتماعية، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، كلية العلوم الإجتماعية و الإنسانية، قسم العلوم الإجتماعية)، 2016.

2- الأمين، بلعياشي محمد، خليصة، سمعون: مساهمة شبكات التواصل الإجتماعي في تثمين التراث والسياحة الثقافية في الجزائر دراسة تحليلية لمنشورات موقع الفايسبوك لوزارة السياحة، مجلة الواحات للبحوث و الدراسات، الجزء 14، العدد 1، 2021.

3- بلعمري، أمال، حاجي، صارة: دور الفيس بوك في الترويج للتراث الثقافي بولاية المسيلة دراسة ميدانية على عينة لمستخدمي الفيسبوك لولاية المسيلة، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة محمد بوضياف بالمسيلة كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، علوم الإعلام والإتصال)، 2021.

4- بن قادي، إيمان، داوالحاج، ميلودة: دور الإعلام المحلي في التعريف بالتراث الثقافي الصحراوي تراث أهليل بتيميمون نموذجاً، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة أحمد دراية-أدرار-، كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، صحافة مطبوعة والكترونية)، 2020.

5- جمعة، الميرـ هاجر، زويني: دور مواقع التواصل الإجتماعي في الحفاظ على الموروث الثقافي الجزائري، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة أحمد دراية– أدرار- كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية والعلوم الإسلامية، قسم: العلوم الإنسانية)، 2019.

6- الحديثي، عبدالقادر صالح: دور موقع التواصل الإجتماعي (فيس بوك) في تعديل إتجاهات الشباب إتجاه قضايا المجتمع ومشكلاته، مجلة الباحث الإعلامي، العدد (29)، 2022.

7- حسني، رحاب عصام: إستخدام وسائل التواصل الإجتماعي للحفاظ على التراث الثقافي المغربي، المجلة الدولية للدراسات متعددة التخصصات في أبحاث التراث، المجلد 4، العدد 1،2021 .

8- خولة، سرحاني لالة، أمال، بن عبدالله: دور الإعلام الجديد في الحفاظ على الموروث الثقافي المخطوط: صفحة فيسبوك مخطوطات الجزائر أنموذجا، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة أحمد دراية-أدرار-، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، إعلام وإتصال)، 2022.

9- صلاح، ناصف، عبد اللطيف، شامي: دور منصات التواصل الإجتماعي في الحفاظ على التراث الثقافي اللامادي "الشعر الملحون" نموذجا)، رسالة ماجستير، (الجزائر: جامعة محمد بوضياف–المسيلة: كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية، قسم علوم الإعلام و الإتصال)، 2022.

10- الهياجي، ياسر هاشم عماد: إدارة مواقع الجذب السياحي التراثية، مدينة صنعاء القديمة نموذجاً، رسالة ماجستير غير منشورة، الرياض: جامعة الملك سعود، 2023.

11- خورشيد، سهيل، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا 1958، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، 2013.

12- عبدالحمید، صلاح الدین، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانیدا، چاپخانەی ڕەهەند، 2009.

13- کەریم، خالد مەحمود، باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، کارۆ، سلێمانی، 2019.

14- یاسین، هاشم وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، چ1، 2009.

15- خدر، ئاوارە حاجی و مولود، سامان جەلال: کاریگەریی فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی 9، ژمارە 2، 2022.

16- شوانی، هێمن ئەمین، زێباری، طاهر حسۆ: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی شیکارییە، گۆڤاری زانکۆی زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی 7، ژمارە 4، 2020.

17- کاکە، هاوسەر، ئەوانی تر، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزای کفری، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، 2019.

18- محمد، أمیر سلیم، عبدالله، إدریس سلیمان: ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە بەرهەمە خۆماڵییەکان- توێژینەوەیەکی مەیدانییە بە وەرگرتنی بژاردەیەک لە بە کارهێنەرانی تۆڕە کۆ مەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر بۆ ساڵی 2022، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 27، ژمارە 5، 2023.

19- محەمەد، یادگار عەلی، ڕەشید، دەشتی عەلی: کاریگەریی بەکارهێنانی فەیسبووک لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، مجلة الجامعة العراقية – كلية التربية للبنات، عدد خاص بوقائع المؤتمر العلمي الدولي الأول لمجلس تحسين جودة التعليم لكليات الإعلام بالتعاون مع جامعة السليمانية – كلية العلوم الإنسانية لمدة من 23-24/ 1/ 2022.

20- موراد، هێرش ڕەسوڵ و ئەوانی تر: ڕۆڵی (فەیسبووک) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەربارەی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستاندا– توێژینەوەیەکی مەیدانییە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی 7، ژمارە 1، 2020.

21- بوشيي وديبون: دور المنظمات الدولية والإقليمية في حماية التراث الثقافي والحفاظ عليه، مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية، المجلد 4، العدد1، 2023.

22- رحاب عصام حسنى محمد: إستخدام وسائل التواصل الإجتماعى للحفاظ على التراث الثقافي المغربي، المجلة الدولية للدراسات متعددة التخصصات في أبحاث التراث، المجلد4، العدد1، 2021.

23- طراد، مهند سليمان، العمري، عمر مصطفى: مفهوم التراث المعماري وطرق المحافظة عليه- دراسة حالة المباني التراثية في محافظة أربد الأردن، المؤتمر والمعرض الدولي الثالث للحفاظ على التراث العمراني – بلدية دبي، 2012.

24- عبد النور، بوصابة: تكنولوجيات الإعلام والإتصال والوسائط الجديدة وتثمين التراث الثقافي في الجزائر، مجلة علوم الإنسان والمجتمع، الجزء (10)، العدد (3)، 2021.

25- عبير، بوترعة، نوال، بن صغير: دور الإعلام الثقافي في حفظ وتثمين التراث الأثري، مجلة الحكمة للدراسات الإعلامية والإتصالية، الجزء (10)، العدد (4)، 2022.

26- Hoeven, Arno van der: Valuing Urban Heritage through Participatory Heritage Websites: Citizen Perceptions of Historic Urban Landscapes, Space and Culture, 2018.

27- Carbonara, G: Restoration, Rehabilitation, Conservation and Consolidation, 2020.

28- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، خانووە کەلەپوورییەکانی کفری، چاپی یەکەم، 2014.

29- الدليل الإرشادي، أسس ومعايير التنسيق الحضاري للمباني والمناطق الأثرية، جمهورية مصر العربية، 2010.

30- إدارە كرميان، خريطة مستوطنات إدارە كرميان، قسم فني، المقياس 600000/1، 2018.

31- بەرنامەی (Arc Map GIS 10.5)

32- چاوپێکەوتن لەگەڵ شوێنەوارناس بەڕێز (نەوزاد لەتیف)، 9ی تشرینی یەکەمی 2023، دیوانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، (10:30) بەیانی.

33- کەناڵی کوردساتنیوز، ڕاپۆرت، (21ی کانوونی دووەم، 2016).
https://www.facebook.com/watch/?v=1158553677539980

34- کەناڵی گەلی کوردستان، ڕاپۆرت،( 15ی ئەیلوول، 2023).
https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=151565

35- ماڵپەڕی ئیدارەی گەرمیان، دەربارە ئیدارەی گەرمیان، (2023/10/23)،
http://www.garmiyan.com/Darbare.aspx?jimare=1

36- ماڵپەڕی باسنیوز، گەرماوی پاشا لە کفری، (هەشتی تەمووز، 2021).
https://www.basnews.com/so/babat/700232#hathalyoum

37- ماڵپەڕی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری کوردستان–عێراق، قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف)، (تشرینی یەکەم، 2023).
http://bot.gov.krd/kurdish/garmian-administration/history

38- پەیجی تەلەڤزیۆنی ئایندە لە فەیسبووک، (29 ئازار 2022).
https://www.facebook.com/Ayindemedia/posts/2729596537171338/?locale=hi_IN&paipv=0&eav=Afa5ZDvqtJrBOPNb6fM2xwC3YX7056NbGHVN8_JK__PYed1jfrDG7QEfjvwDIefrCyA&_rdr

39- ماڵپەڕی کوردپێدیا، (ئابی 2023).
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20200221002539380219

40- لاپەڕەی محەمەد نەژوێنی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، کورتەیەک لەسەر گۆڕستانی سەید خەلیل، (31ی ئابی 2022).
https://www.facebook.com/1379144728812006/posts/5447628065296965/?paipv=0&eav=AfbGq_wteYdtjXnR49y8rN96x-4NhylA8_I4fKm5K9yL7Pk7jJPMl5fbYiHPmFflu4I

41- Osama S. M. Amin, Visiting the Paikuli Tower Built by the Sasanian King Narseh, World History et cetera, March 12, 2015.
https://etc.worldhistory.org/travel/meeting-sassanian-king-narseh-paikuli-tower/